ئامادە  کردنی:

تایپی کوردeکا

بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١



PDF4Kurd

# حەشری رەنگەکان

## عەزیز مەحموود پوور

کۆمەڵە چیرۆک

«ئازاد گیان، بۆ هیچ ناڵێی؟ لێم تۆراوی؟ نامناسیەوە؟ منم‌ئامان، ئامانی دایکت، هەستە میوانەکان هاتوون بۆ زەماوەندی‌تۆ. هەستە تەماشای نەسرینی خوشکت کە چۆن چۆپی‌دەکێشێ، لاقی وە عەرزی ناکەوێ بە هەرتک دەست لە پێش‌بووکەوە سەما دەکا. چاو هەڵ ناهێنی؟ دڵم دەشکێنی؟ دەهەستەدایە لە سەر ئەو کاکۆڵە خوێناوییانەت گەڕێ». ژنان نەسرینان‌بۆ زەوت نابێ خۆی دەرنێ. لەچکە لە سەر فڕێ دەدا، بە هەر دوودەست خۆڵ وەسەر دەکا.

«خودایە قەبووڵی نەکەی».

سەری بەلادا دەکەوێ و رادەچەنێ. لوورەی سەگەبەڕەڵایەک بێدەنگی شەو شەقار شەقار دەکا.

دەچێتە ژووری. نەسرینی کچی لە سەر دار تەونەکە خەوبردویەتەوە. قولاپەکەی هەر بە دەستەوەیە.

چاوی پڕ دەبێ لە خۆشەویستییەکی سەوز و دەچێتەوەحەوشە.

شەو و تەنیایی، چاوەڕوانی و دڵەکوتە بوونە خۆرکەرووحی دەرزێ ئاژن دەکەن، قامک لە یەک هەڵدەپێکێ، ترس،ترسێکی نامۆ دڵی هەڵ دەگلۆفێ.

«مەترسێ دایەگیان، هێندێکی بە ماشێن دێین و دوو سەعاتەرێیەکیشی بە پێیان هەتا نێو شاری، خوا پشتیوان بێ سەعاتدووی شەوێ لەماڵێم.

* * *

وڵات کپ و کڕە، مانگ بە ئاسمانەوە دەڵێی پیاوێکی پیرە وخنکەخنک لە هەوراز سەر دەکەوێ. چاوی لە مانگ بڕیوەکچێکی خنجیلانەی تێدایە دەڵێی لەگەڵ نەسرینی خوشکیسێوێکن و بە چەقۆ لەتت کردوون. چەواشە و خەیاڵاوی رێدەبڕێ. زامە کۆنەکانی یەک لە دوای یەک لە بۆشایی دەرونیداسەر هەڵدەدەن. بیری بۆتە دارێکی باڵابەرز و هەزار لق و پۆپی لێ بۆتەوە.

«ئەگەر شەوی هەزار تمەنیش بکـەوم هـەتـا شـەش رۆژی کـەکراسـێکی قەسری جوان و تازە بۆ نەسرین دەکڕم، نابێ بێباوکی پێوە دیاری بـدا. بـا ئەو فەرشـە تـەواوکـا، ئیـدی ناهێڵـمئیلمـەی تێـوەردا، دەی نێرمـەوە بـۆ مەدرەسە، با هەریـەکمـانبفـەوتـێین، مـن کـار دەکـەم ئـەویـش دەرس بخوێنێ».

توند بوخچەکانی بە دەستەوە گرتووە و ڕێگە دەبڕێ. لـەمانـگ دەڕوانێـت، خەمێکی زەرد روخساری داپۆشیوە. باویلاقی خۆشتر دەکا.

«هەر دوو سێ مانگی کەیە دایەگیان گـوارە زێـڕەکـانی تـۆشدەکڕمـەوە! داخوا ئێستا لە بەر هەیـوان دەسـتەو ئـەژنۆهـەڵترووشـکاوی و چـاوەڕێـی گەڕانەوەمی...».

نـەڕڕەیـەک!! کۆشـکی بێـدەنگـی تێـک دەڕمـێ. دیسـاننـەڕڕەیـەک!! ئەستێرەیـەک دەخوشـێ و روخسـاری شـەودەرووشـێنێ. بوچرکـەیـەک دەتاسێ تەزوویەک گیانی وەلەرزین دەخا. ترس بۆتە جۆڵاتەنە و جەستە و رووحی تەنیوە.بۆ ساتێ هـەمـوو شـتێکی لـە بـیر دەچێتـەوە. لـە نـەکـاو وەکووکەسێک رایتلەکێنێ سەر بەرەو و خوار دادەخوشێ.بوخچەکانی توند گرتووە. نێو دەستی بە ئارەقەیـەکـی ساردخووسـاوە. گریـانێکی خـەسـت گەرووی ڕێک دەکوشێ، لاقـیبوونـە کوتـک و لـە دووی نایـەن. نـەڕڕەی

«ئیست، ئیست» لە پەستالە مێشکی‌دا دەتەقێتەوە، سـەرشـێت و خـوودار هەڵدێ. مانگیش‌وێڕای ئەو هەڵدێ.

نەسرین لە نێو مانگ داخۆی دەڕنێ هاوار دەکا، لەئەستێرەکان دەپاڕێتـەوە دێتەدەرێ دەست بۆ ئازاد درێژ دەکانووکی قامکیـان لێـک دەخشـێ. دوو تەقەو بوخچە سیغارەکان‌دەپەڕن. نەسرین دەبێ بەشنە. مانگ هـەپـروون بە هەپروون‌دەبێ.

* * *

بەهاری ٧٥ - بوکان

منیش تازە بەوە گەیشتم کە دەتوانین ئەم چیرۆکە بکەینەشانۆ و بەڕێوەی بەرین. شانۆیەک لە یەک پەردەدا. دوکەسایەتی هەیە و بە هاسانی دەتوانی دەوریان بگێڕی. تەنیاهێندێک دەنگ هەڵێنە و هاوکات لە گەڵ خوێندنەوە دەستراوەشێنە.

کەسایەتیەکان:

١) پیاوێکی پیر.

٢) مریەم خێزانی پیرەپیاو.

شوێن:

نێو ماڵێکی قورماوی. هەر دێیەک کە بە خۆت پێت خۆشە بائەوێ بێت.

کات:

زۆر گرینگ نییە پێت خۆشە بەیانی بێت، ئەو وەختــەی مــەڕدەڕوات یــان ڕۆژپەڕ ئەو دەمەی گاڕان دێتەوە. گرینگ ئەوەیەکـە تـۆ نـە خـەجڵـێی و هێندێک دەنگ هەڵێنی و هاوکات لە گەڵخوێندنەوە دەست ڕاوەشێنی.

پیرەپیاو: ]بە دەم جگەرە کێشانەوە خەفەتبـار[ «هـەرئـەوەنـدە دەزانــین زیندووە، ئەرێ کاکە گیان ئەوە گووی ئەوەدەیشـۆینەوە. پـیرەمێردێـک و پیرێژنێک. تاک و تەنیا. دایمچاوەڕێین کەسێک دەرگامان لێبکاتەوە. گۆزە ئاوێک یانهـەواڵــێکی سـەلـیم... ئـەری کاکـە گیـان ئـەوە قـوڕی ئـەوە دەیشێلین.سـەدجارمـان ریـش لـە بـەر گـرت، کـوڕەشـیرینەکـەم، ئـەم دێڵەنایەکی دیکە. پێی چەقاند ئیللان و بیللان ماست ڕەشە و سپینەبووە. خودا دەکا بە سەری پیری جەرگ بڕاومان ناکاماڵی دنیاچاوی دەرێ. بـە سـەری شـیرینتان تـا ئێسـتێ سـەت سـەرمحـەیوانـە وردە فرۆشـتووە و پووڵەکەم بۆ بردووە. دوو جار لەگەڵ مریەم و سێ جاریش بە تەنێ چووم. هەر چەن شێر ورێویمان بۆ هێناوە بە گوێیدا نەچوو. دەیکـوت: «بێمـەوە ببمەبووک و خەڵکم بێتـە سـەیـر!» خـۆ هێنـد کـەللە رەقـە قسـەی بـە گوێداناچێ. بە مەرگی برایەتیمان ئەو ئاغەڵە چۆڵانە لە بەر کاوڕەگەلجێی دەرزی هەڵاویشتنیان نەبوو. هەموو مەفع بوونەوە. ماوەو نەمـاوە دوو سـەر مانگا. ئەوانیشم هێناونە سەر سەودا».

]پیرەپیاو سووتووی جگەرەکەی دەتەکێنێ. تۆش لە وانەیەسەرت سوڕمابێ کە ئەم چیرۆکە قەت نابێ بە شانۆو لەمچوارچێوەیەدا ناگونجێ. بەڵام سەبر بگرە با بزانین ئاخری بەکوێدەگەین[.

پیرەپیاو: «دوێنێ بە بۆنەی شێو کردنەوە هاتبووە سەر ئەوجۆگەیەی گوێلکەکانم لێ دەڵەوەڕاند شوکور بە جارێ داقناوە.دێڵە فسکن پووزەوانەی چنیوە مریەم بیبا بۆ سەلیم. بە تەمایەبێتەوە و لە گەڵ خۆی بیبا. تڕهۆو، دوای باران کەپەنک. ]قونچکەجگەرەکەی لە ژێر سیغارەکەدا پان دەکاتەوە بە خەمبارییەوە[بە دەست خۆم نییە. وەک منداڵم لێهاتووە. لە خۆڕا دڵم پڕ دەبێت.ئاخر بڵێ سەگبابی توخمەسەگ بە قوونی خۆت داداوە ورۆیشتووی لە دووی چی وێڵی؟ ئاخر ناڵێی ئەم ماڵە بێ تۆ وەک کاولاش وایە. بە ویرەویر خۆی بە ژورێ دادەکرد و دەیکوت:

«قوربانت بم ئەی فاتمەمەمکت شەمامەی گمگمە»

]تاوێک بێدەنگی[

مریەم: «کوێراییم دایەت بۆ فاتم. قوڕ بەسەر جاری وابوودەم و چاویان دەکردە پەڵاسی رەش، بە سێ رۆژ و چوار رۆژ لەتەویلەیان دەکرد. ماڵەبابی خێر و خۆشی لە خۆیان نەبینن وئاوی خۆشیان بە گەرروودا نەڕواتە خوارێ وا ئاوا بوونەبایسیان و ئەو چۆلەکەیەی ئێمەیان پەڕەوازە کرد. دایکەکەتزووخاو هەڵێنێ سەلیم. رۆژێکیان دەستی لە تین تینۆکەم

ناو بەدەم پێکەنینەوە بە لاروومەتم دانووساو کوتی: «بەسـم خۆڵێنابـەڵـەد کەن قۆڵێکم بـۆ هـەڵ ماڵـن». بـرای فـاتم دەری بابانیـان بـەقـوڕگیرێ، پاڵوویان هەڵکردو کوتیان: «نایدەین دڵیان پێکەوەبووە».

نە جارێک نە دوو جار، بەو چاوە جوانانەتان چوار دانەجارمان نـاردە سـەر. بابم ئێوە چۆن دەڵێن ئێمە تێداین ئیدی بۆئابڕووی هەرتک لامـان بچـێ؟ نەخێر دیتیان قەل لە هەڵفڕینە بـەزەبـری کوتـەک بـە ملـی هـەتیـوێکی پوورزایانەوە هەڵواسی.سەلیم بە ئامان و زامان زەوت نەدەبوو».

]دەنگی گریانێکی کز و دوایەش بێدەنگی[

پیرەپیاو: «ئەوەیە کاکەگیان، نەدامەت کە بەر بینگی بـە پیـاوگرت هـەتـا قرخەت لێ نەبڕێ دەست بەردارت نابێ. کانا سەلیمگیان تۆتاریکـان بچـۆ پێش بە برای فاتم بگرە و بە گۆپاڵ لە تەپڵەسەری راکێشـە و بـێ سـەر و زمان بە جێی بێڵە. لە وێشڕا وەرەوەماڵێ و ئەوەی پووڵی نەغد هـەیـە لـە تەنگەی باغەڵت نێ بۆیدەرباز بە هەتا شەش مانگ بێ سەر و شوێن بوو و کەس بەمەسکەنی نەزانی. هەتا رۆژێک کابرایەکـی نـەنـاس نامـەیـەکـی بۆهێناین، بە کوردی نووسرابوو. ئێستاش نازانم ئەو سەگبابەچۆناو چۆنیـان سووسە کردبوو. لە پەستا کەیخودایان دەناردئێمە کردمان سەلیم نەیکات، ]ماوەیەک بێدەنگی[ پیرەپیاو:هەسـتە مریـەم هـەسـتە. بـا بکـەینـە بـەر مانگاکان سبەی بازاڕەبەشکم بفرۆشرێن و سەرێک لەو هەتیوە بدەین».

]سەبرێک بگرە، هات و ئەم شانۆیەت بە دڵ نەبوو بــە بێلــەبــەرچــاوگرتنی بڕیاری پێشوو تەنیا سەرنج بدە دیالۆگەکان وچیرۆکەکە بخوێنەوە[.

* * *٧٤/١١/٤ ـ بوکان

دایکم چاوی لە سەر یـەک دادەنـا و کاکـە سـوار دەم بـە بـزەوە بـەسـەر چارەوێیەکی سپی کەیاڵە درێژەکانی بە لاملیدا شۆڕببوونەوە لـە تـەمومـژ دەهاتـە دەرێ. دادەبـەزێ پـەیکـەرەیـەکـیباڵـابەرز دەتکـوت لـە بـەرد داتتاشیوە. چاوە رەشەکانی لە دایکمدەبڕی و دەیکـوت: «مـەحسـە! لـێم جوانە؟»

تەم و مژ وڵات دادەگرێ.

کاکە سوار لە بەر ئاوێنە لـە خـۆی دەڕوانـێ... «سـوارە، شـیلانکڵـاوێکی جوانی بۆ چنیوی.» دەستی بە ئاوێنەی خەیاڵیدا هێنا.شیلان دەستی کرد بە پێکەنین.

دیسان بە دزی دایکیەوە هاتبوو بـۆلای کاکـە سـوار، سـوێندخۆری یـەک بوون. دەسرەیەکی گوڵدۆزی کراو و کڵاوێکی لەپێش دانا و کوتی: «دیاری شوان ئاڵەکۆکە، قابیلی تۆیان نییە»ئەویـش پێکـەنی و دەسـرە گوڵـدۆزی کراوەکەی کردەوە وتێیڕاما. گوڵە مێلاقەیەک، چۆلەکـەیـەکـی لـە سـەر هەڵنیشتبوو.نێو چاوانی رامووسی، گوڵە مێلاقەکـە هـەڵـفڕی و لـە سـەر گۆنایشیلان گیرسایەوە.

حاجیژن چەنـد رۆژ بـوو دەهـات بـۆ ماڵـی ئێمـە. شـتێکی لـە دڵـدابوو، نەیدەدرکاند هەتا رۆژێ لە بانگی گریانیدا. دەسـتی کـرد بـەبـەرۆکیـدا و وێنەیەکی دەرهێنا: «وێنەی شیلانە».

دایکم بە وردی لێی ورد بۆوە، خۆی بوو، شـیلان، بـەسـەرچـارەوێیـەکـی سپییەوە، لە سەر گردێک راوەستابوو، پڕ بەچاو لە ئاسۆی دەڕوانی کە خۆر لێوی بە لێویەوە نابوو وخەریک بوو دەپشکوت.

پیر و تێکشاو دیاری دەدا، سووچی چاوی گنجی وردوردیتێکەوتبوو بەڵام نیگای پڕ لە هیوای وەک بزمارێ لە سـەررووناکـایی ئاسـۆدا کوتـابوو. بـە گریانەوە لە وێنەکە هاتە دەرێ.

بۆنی بە لیباسەکانی کاکە سوارەوە کرد و کوتی: «تۆ خواچۆنە قسە دەکا؟»
ـ ویشک هەڵاتووە شیلان گیان، چاوە رەشەکانی تەمیان لەسەر نیشـتووە. لێو بە بار زەِ زەِ دەڕوانێتە بن میچ و لە گەڵ تۆدەڕاوێنێ.»

به پڕتاو خۆی به باوەشی دایکمدا کرد و هەرکیان تێرتێرگریان...
شیلان له دایکـی دەپـاڕاوە، بـه لاقیـدا دەنووسـا، دەگریـا و خـۆیدەڕنی.
حاجیژنیش تەنیا دەیکوت: «دامەزرێ براکانت سەرتدەتاشـن» ئـەویـش وەک ئاور که ئاوی پێدا کەی دادەمرکا،فرمێسک به سەر گۆنایدا قـەتـارەی دەبەست. به گریانەوەدەیکوت: «له زمان منەوە لێی بپرسن».
دەچووین بۆ نەخۆشخانه و سەرمان دەدا. کایەی بـەکاکۆڵـەکـانم دەکـرد، دەیکوت: «شەیتان شمشاڵی لێدا و واملێهات».
لێوەکانی دەتکوت زەوییه و لەبەر بێئاوی قەڵەشیوە.نـەیـاندەهێشـت ئـاو بخواتەوە.
ـ «مەحسه! شتێکم بۆ بێنه با لێومی پێ چەور کەم».
کاتێ به جێمان هێشت بۆنی بـه دەسـرەکـەی شـیلانەوە دەکـرد.ئێـوارێ شیلان کرێمێک و مستێک مێخەکەی دا به دایکم بـەیـانیبیبـا بـۆ کاکـه سوار. لێم وەرگـرت و کـوتم: «هـەر ئێسـتا دەیبـەم»بـەرەو نـەخۆشـخانه هەڵاتم. رندووی تاریکی به سەر وڵاتداهەرەسی هێنابوو. بۆنی مێخەکەکان سەر سنگمیان داگرتبوو.به پەله خۆم به نەخۆشخانەدا کـرد بـەڵـام کاکـه سوار لەوێ نەبوو!
دەسره گوڵدۆزی کراوەکەی شیلان کونێکی تێببوو. له سەرتەختـەکـه بـه جێمابوو. سەری چۆلەکەکه پەڕیبوو له ژێرمێلاقەکه هـەڵـدەبـەزی و باڵـه

پرژەی بوو. بە گریان بەرەو ماڵگەڕامــەوە، مێخــەکــەکـانم بــەرەو ئاسمــان تووڕهەڵدا. هەموو بوون‌بە پەپوولە و لە دەوری ئەو پۆلە ئەستێرەیەی، کاکە سواریان لەئامێز گرتبوو هەڵدەخولان.

شیلان فرمێسکەکانی سڕی، لەغاوی ئەسپەکەی گرت ولەقان لەقان چۆوە نێو وێنەکە و لە تەم و مژدا ون بوو.

***

هاوینی ٧٦ ـ بوکان

پێش ئەوەی خوێن بەرەو قاپیلکەی چاوەکانم شۆڕاگەببەستێ، چاوم لێیـە، لیمۆ لە ژێـر دەسـتی براکـانیدا، هـاوار دەکـاودەناڵـێنێ. ئـێش ئاوێتـەی خۆفێکی سامناک بووە و، دڵـۆپ دڵـۆپدەمخواتـەوە. گـوێم کـپ دەبـێ. دەنگی کەس ناناسمەوە. هەزارانوشە، هۆمەن دێـنن بـۆ مێشـکم. بـەرەو تاریکییەکی بە سام باڵدەگرم. لیمۆ شان بە شانی من هەڵدەفڕێ. چووینە تەخاڵ. تەم ومژێکی خەست دەمانشارێتەوە.

ـ «هەڵیخە سەربان لیمۆ».

لیمۆ توند کۆترەکەی گرتووە و دەست بە سەر و بەچکیدادێنێ. کۆترەکـە دەخاتە سەربان و دەچێتەوە ژووری. بەدڵەخورپەوە لە کڵاو فەرەنگییەکەی

ماڵی لیمۆ نزیک دەبێتەوە.لیمۆی لێدیارە فەڕش دەکا و جار نە جارێک پشت راستدەکاتەوە و دەستێک بە چاویدا دێنی.

ـ «کاوە، ئەو کۆترەش هی تۆیە»؟

بە دەنگی لیمۆ کە درگای هەورەبانەکەیانی کردبۆوە لەگێژەنی خەیاڵ هاتمە دەرێ. کۆترێکی غەریب بوو. دەستم کردبە فڕە. لیمۆ نەیدەتوانی تامەزرۆیی خۆی بشارێتەوە. لە گەڵکۆترەکانی خۆم نیشتەوە، قومرییەکی تەکشان بوو.

لە سەر تەونەکەم، نەمدەزانی چییە دڵم هەڵدەگلۆفێ ورایدەتلەکێنێ. گوڵەکانم خراپ دادەنا. رەنگەکانم تێکەڵ دەکرد.فەڕشەکە بوو بە دەریایەکی شین. کاوە لە قەراخ دەریاکەراوەستا بوو.

کۆترێکی بە دەستەوە بوو. بەرەو منی هاویشت. بوو بەدڵێکی گەرم و توند لە باوەشی گرتم.

بە درێژایی شەو، لە نێو جێدا، ئەوشان و شانت کردووە وجینگڵت داوە. تاپۆی لیمۆ ساتێ لە بەر چاوت ون نەبووە. بەیانئەنگوتووە. چاوت لێیە خۆرێکی کەسیرە و سەرمابردوو، سەرلە شووشەی پەنجەرەکەت ئەسوێ. تۆش دەڵێی پەیکەرەیەکیشووشەیی، سەرت هێند گەورەیە، لە دیوەکەدا جێی نابێتەوە. بەهەرتک دەست گرتووتە نەکا بکەوێ و ورد و خاش بێت. تەواویکۆترەکانی دنیا لە کاسە سەرتدا هێلانەیان کردووە. لیمۆ لە

نێودڵتدا تەون دەکا. دەفە دەکوتێ و دنیا دەست دەکا بە لەرین.سەرت بەر دەبێتەوە و دەبێ بە هەزاران لەت. کۆترەکان لە سەرشانت دادەنێن و دەت بەن بۆ وڵاتێکی تەماوی.

ـ «لیمۆ چاوت لەو دوو کۆترەیە چۆن سەریان بە سەرییەکەوە ناوە و دەگمێنن»؟

چاوی لە چاوی کاوە بڕیوە. ڕەوەیەک کۆتری غەریب تێیداهەڵکورماون، دەست دەبا یەکیان بگرێ. لە شەقەی باڵ دەدەن وخۆ دەخەنە ئاسمان. بە دوایاندا سەر وەردەسوڕێنێ.کۆترەکان دەبنە بەرد و هەڵ دەوەرنە خوارێ. هێشتا دەستەکانم تێر، تینی دەستی کاوەی نەچێشتبوو،دایکم کەوت بە سەرماندا.

دەستی ڕاپسکاندم. ئاوڕم داوە ، کاوە ڕەنگی مردووی‌لێنیشتبوو دایکم قسەی پێدەکوتم و ڕای دەکێشام. منیش بیرملەو کوتڕانەی چاوی کاوە دەکردەوە. کزەی شیشی تەون لەسەرپشتم وێنەی کاوەی لە مێشکم دا هەپروون بەهەپروون‌کرد. کۆترەکان بە دیوەکەدا بڵاو بوونەوە. سەر و باڵیان لەخوێندا شەڵاڵ ببوو. لە سەر گوڵی فەڕشەکە نیشتنەوە وئۆقرەیان گرت.

ـ «هەستە ئەوە بۆ خەوتووی خۆ هێشتا قەباڵەکەت تەواونەکردووە».

به بێوازی چاو هەڵدێنێ. دەستی دەبا بۆ نـەخشـەکـە.گوڵـەکـانی سـیس بوون. دیسان تێی دەڕوانێتەوە روخساریکاوە چوارچێوەی نەخشەکەی پـڕ کردووە. وەدووی کاوەدەکەوێ. کاوە دەبێ بە تراویلکە لە نێو گوڵەکاندا ون دەبێ. لاِ ولەتەری خوێنیان لـێ دەتکـێ. سـەدان دەسـت قـژی دەبـڕن و لەفەڕشەکەی وەر دەدەن. هەزاران دەفە بەسـەر لـەشـی دادێنـەخـوارێ. ئاوێتەی فەڕشەکە دەبێ و یەک بە خۆی دەزریکێنێ.

چاوت لێیە لیمۆ چنگ لە تاڵی فەرشەکە گیر دەکاو دەناڵـێنێ.دڵـت بـڕوا نادا، سەری خۆت هەڵدەگری و دەڕۆی. باران ئازایئەندامی خووساندووی، قاناوەکان دەلیخێنن و پێت پێدەکەنن.زاریان لێک رەویوەتەوە و بەرەبـەرە قووتت دەدەن. مێشکتوەک شارە هەنگەژاڵە هارووژاوە. بە لەپی دەسـتت گوێتگرتووە.

هێڵنج دەدەی و ئەندامی پارچە پارچەی لیمـۆ هـەڵـدێنییەوە.سـەرت لـە گێژەوە دێ. دەکەوی بە عەرزدا و زریکەی لیمۆ بادەیبا.

ـ «چییە شوکور تۆش شێت بوو»؟!

ئاوڕ دەداتەوە، دایکی گرژومۆن تێی دەڕوانێ. دەست دەبا بۆبەنـەکـان. لـە دەستی دەهاڵێن. بە دار و دیواری دادەدەن و بەپرچەوە هـەڵـی دەواسـن. دەست دەکا بە پەلەقاژە و لە سەر تەختەتەونەکەی بەردەبێتەوە. هـەڵـدێ

بۆ سەربان. درگایهەورەبانەکە قفڵێکی گـەورەی لێـدراوە. لـە شووشــەی درگاکەوەچاوی لێیە کاوە کۆترێکی بە دەستەوەیە دەی لاوێنێتەوە.
لە خۆ دەنەوێ و سەری پەنجەی دەگەزێ. فرمێسکەکـانی،دەنـک دەنـک دەکەونە سەر قفڵی درگاکە.
ـ «کاوە، کاوە...».
چاوی بە لیمۆ دەکەوێ و قاقا پێدەکەنێ، مووەکانی لەشیقرژ دەبن.
ـ «نا... نا... درۆیە».
دەچێتەوە سەر فەڕشەکەی. نەخشە کە بۆتە ئاوێنەیەکیژەنگـاوی. خـۆی دەبینێ تـەواوی لـەشــی قفڵـە. دەیهـەوێ هـاوار بکاکـەچـی زاری لێـک هەڵناپچڕێ. کاوەی لێدیارە دەستێک کلیلـیپێیـە و دانـە دانـە بـە لاقـی کۆترەکانیەوە دەبەستێ.
«نێرێکی عیشقی زاغە، دوو هێلکەی لە بن دایە، نانا،قومرییەکی تەکشانە، پێ تیسکنە هەرکەس دیویەتەوەرەحمەتی خودای لێبێ... پشـیلەیـەکـی رەش بوو خۆی بەکۆترخانەکەمدا کـرد و قـومری خـوارد. دوێنــێ شــەوێ دیسانخەونم بە پشیلە رەشەوە دی. دەیویست منیش بخوات.رەحمەتی خوداتان لێبێ، کڵاو لوولە، کونجییە، دوو هێلکەی لەبن دایە...».
گوێم لە هات و هـاواری کـاوە بـوو، بـەم شــەوە لـە کۆڵـان لـە ژێربارانـدا دەینەڕاند. دایکم بێ ئۆقرە بوو. خۆم پێڕانەگیرا. هەڵاتمبۆ دەرێ. کـاوە لـە

ژێر شۆقی دارتێلێک ڕاوەستابوو. لە گەڵ هەردەنکە بارانێککەوە دەم و چاوی دەکەوت، قاقا پێدەکەنی.

ـ «بە دایکم کوتبوو، درگای کۆترخانەکە پێوەدا. تۆش‌سۆراخی کۆترەکانم نازانی»؟

بەرەو من دەهات و قسەی دەکرد. دەستەکانی هەروا گەرم‌بوون. کۆترەکانی لە نێو چاویدا هێلانەیان چێ کرد بوو.

ئاگاتان لە هاچەری فەڕشە دێتەخوارێ و دەچێتەوە سەرێ.خوێنی لەشتان تێک دەهاڵێ. بارانێکی بە خوڕخەمی دڵتان‌دەشواتەوە.

***

زستانی ٧٧ ـ بوکان

دەڕۆیشتم و دەمزانی ئەم ڕێگایە کۆتایی دێ. ئەم لەمپەرەشووشەییەی نێوان من و «ئەو» خرمە دەکا. بەڵام کەی؟ تەواویئەو دیمەنەم، وەک کایەیەکی منداڵانە دەهاتە بەرچاو. چەنوەختە بەڕێوەم؟ هەر ئەوەندەم لە بیر ماوە، شەوێکی تاریک،کتێبێک و کچێکی ڕەشپۆش.
خۆشەویستەکەیان کوشتبوو، کتێبەکە بەسەرهاتی کچەیتێدا نووسرا بوو، لەو وەختەوە چاوی بە تەرمەکەی دەکەوێ، لەکتێبەکە دێتە دەرێ، بۆیەش کەس ئاخری چیرۆکەکەی بۆنەدەچووەوە سەریەک. ئەرێ لەو شەوەوە کە هەڵوەدا بوو،منیش وەدووی کەوتم. ئەم لەمپەرە شووشەییەش وەکدڕووی مەم و زینان لە نێوانماندا شین بوو. زۆر جار لە خۆممپرسیوە،

بۆ وەشوێن ئەم کچە رەشپۆشە کەوتووم؟ بە من چـی،چـی بـە سـەر دێ، رادەوەستام. دوور دەکەوتەوە، بەڵام دڵم هـەربـەڕێـوەبـوو. منـیش سـەرم هەڵدەگرت بە دوای دڵمدا.

ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە، سەرم سوور دەمێنێ،بیرەوەری ئەو شـەوە، کە سەرەتای هەڵوەداییم بوو، لە زەینمدایەک دەگرێتەوە، قاقـا بـە شـێتی خۆم پێدەکەنم، ئاخر بۆ خۆمبووم کە بەسـەرهـاتی ئـەو کچـە رەشپۆشـەم دەنووسی. ئەی‌چۆن ئێستا نازانم چارەنووس بۆ کوێی دەبا؟!

هەوەڵجار کچێکی شاعیر ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە.دەیکـوت: «کـوڕە پادشایەک، ئاشقی کچێکی شاعیر دەبێ، کچەبیانوو لە کوڕی شا دەگرێ و دەڵێ: «هەتا گوڵی شۆڕان و ئاوی‌حەیاتم بۆ نەهێنی شـووت پـێ ناکـەم» کوڕی شا دەڕوا بە دوای‌ئاوی حـەیـات و گوڵـی شـۆڕاندا، ساڵـێک، دوو... سێ... نایەتەوە.کچەش سەر هەڵدەگرێ و دەڕوا.

بەڵام ئەم چیرۆکەم پێوەندییەکی بە چارەنووسی منەوەهەبوو؟ مـن دەبـوو بڕۆم؛ ڕۆیشتنێکی بێگەڕانەوە.

دەڕۆم و بە دەم ڕێوە چاوم لە مانگ بڕیوە، لە نێو مانگدا،کچێکی رەشـپۆش لە چەقی بیابانێک راوەستاوە. چاوەڕێی‌گەڕانەوەی سوارێکە، سـوارێک کـە ئاوی حەیاتی پێیە و گوڵی‌شۆڕان.

بەڵام گەردەلوولێک لە نیوەی ڕێدا گوڵەکان لـە دەسـتی سـوارەدەڕفێنـێ. ئەویش دیسان بەرەودوا دەگەڕێتـەوە. ئـەم هاتوچۆیـەدووپـات و دووپـات دەبێتەوە. سوارە سەر و ردێنی دەبنە کلـووی‌بـەفـر و یاڵـی ئـەسـپەکـەی دەگاتە عەرزی. پێش ئەوەی پەڵەهەورێکی ڕەش مانگ لە خۆیەوە بپێچێ، چاوم «لەوە»، لەوبەری‌لەمپەرەکەوە، شانی کەوتۆتە هەڵبەز و دابـەز. یـانی دەگری؟ یانی‌ئەویش چاوی بەو دیمەنە کەوتووە؟ تاریکی وڵات دادەگرێ. لە خۆشیان لەوانەیە باڵم لێ بڕوێ. بە سواری ئەسپەکەمەوە،هەموو جـارێ نووکی قەڵەم قامیشەکـەم لـە ئـاوی حـەیاتـەکـە ڕۆدەکـەم و پاشمـاوەی چیرۆکێکی ناتەواو لە سەر گەڵای گوڵـەشـۆڕانێ دەنووسـم. بـەڵـام «بـا»، گوڵەکانم لە دەست ڕادەپسـکێنێو لـە حـەوا بڵـاوی دەکاتـەوە. ئـەو جـار پاشماوەی چیرۆکەکە لەسەر جەستەی خۆم دەنووسم. خوێن لـە تـەواوی لەشمەوەبازرەقەی بەستووە. خوێنێکی خەست و سەوز، لەگەڵ هەردڵـۆپە خوێنێک گوڵێکی شۆڕان سەرهەڵدەدا. دەنەڕێنم ورادەچەنم. لە بیابانێکی ویشک و برینگ بە جێ ماوم. لەمپەرەکەهەر لـە جێـی خۆیـەتی. بـەڵـام کچەرەشپۆشەکە سۆراغی نیە.هـەڵـدێم. هـاوار دەکـەم. تـەنانـەت ئـاوی حەیاتیش تەنیایی بۆدەرمان ناکرێ. جاران بەوە پشتئەستوور بووم، چـاوم «لـەوە».دەمـزانی هـەیـە، کـەوتبوومـە شـوێنی، بۆیـەش زینـدوو بـووم. ئێستاچی؟... هەڵدێم و دەزانم توونیمە، دەزانم دەترسێم. دەزانم‌پێم‌خۆشە

چاوم بە کچێکی ڕەشپۆش بکەوێ. سـەرەنگرێـدەدەم، دەمـم لـە عـەرزی دەچەقێ. زارم پڕ دەبێ لە خۆڵ. تامیمەرگ دەدا. تا ئێستێ زوویە، دەبـێ بزانم چیرۆکی ئەو کچەرەشپۆشە بە کوێ دەگـا. ڕاسـت دەبمـەوە دەسـت دەکەمەوە بەهەڵاتن. لە ناکاو دەکەومـە تـەم و مژێکـی خـەسـتەوە، هـیچ کوێنابینم. دەست بە لەمپەرەکەوە دەگرم، بە کوێرەکـوێر دەچمـەپێشـێ. هەستێکی سەیر دڵم ڕێک دەکوشێ. بە جوانی هەستمکـردووە بـە دەوری خۆمدا هەڵدەخولێم. یانی ئەم تەم و مژەکۆتایی نایە؟

شووشەبەندێک و جەغزێکی بێسەرەتـا هـیچ شـتێک لـەوەناخۆشـتر نیـە، هەست بکەی، ساڵەهایە بەڕێوەی و کەچی هەرهاتوویـەتـەوە جێیـەکـەی خۆت.

گوێم بە لەمپەرەکەوە دەنووسێنم زەنازەنا و هاوارە.دەیسـڕم. ڕووناکییـەک بەرەو ئەم شووشە بەندەی تێیکەوتووم دەکرێتـەوە. دەسـتەیـەک پیـاوی ریش درێژ کە چاویانلە تۆقی سەریانـە، لـە کچێکـی ڕەشـپۆش هاڵـاون. سەرتاپای لەشیبە خەتێک نووسراوە کەس بۆی ناخوێندرێتەوە. بە کەڵـپە زەردو درێژەکانیان هەر جارەی بەشێک لە نووسراوەکە دەپچڕن. لەنـەکـاو دێتەوە بیرم، ئەم نووسراوەیە مـن نووسـیومە، لـەوانـەیـەشـێت بم. خێـرا سووچێکی دی پاک دەکـەمـەوە، ئـەسـپێکییاڵـدرێژ، تـەرمـی سـوارێکی بێسەری لە سەرە. گوڵی شۆڕانتەواوی لەشی تـەنیـوە. هـەڵـدەخـولێم و

شووشەکە پاکدەکەمەوە. سەرم لـە گێـژەوە دێ. هـەناسـەم سـوار بـووە، تـامیخۆڵـەکـەم هـەر لـە زار دایـە. دەسـت دەبـەم بـۆ گـەرووم. توونیمـە.گـەرمامـە. یـەخـەم دادەدڕم و دادەچڵـەکـێم. بـڕوا بـە چـاوم ناکـەم.دەسـتیان بـۆ دەبـەم. تـەزوویـەکـی گـەرم و شـیرین بـە دەمارەکانمداتێدەپەڕێ. دەست بە ئـازای ئـەندامـمـدا دێـنم. تـەواو دڵـنیا دەبم.دەنەڕێنم و خۆم بە لەمپەرەکـەدا دەدەم. خرمـە دەکـا. ئـەسـپەکـە بۆساتێ رادەوەستێ و دیسان وەڕێ دەکەوێتـەوە. پیـاوە ریـشدرێـژەکـان پاشماوەی چیرۆکێکی ناتەواو هەڵدێننەوە. لەتێکشووشـە هـەڵـدەگـرم و هەرتک مەمکم لە بنـدا دەبـڕم. کچێکـیرەشـپۆش لـەوبـەری بیابانـەکـە دەناڵێنێ و لە خوێندا شەڵاڵ بووە.

* * *

هاوینی ٧٧ ـ بوکان

«تنۆکێک ئاو»

هەرچەن تێدەفکرم، دەرناکەوێ بیرکەنی لە کێوە بۆ من بەمیرات گەیشتووە.

باوکم پیاوێکی ئاسنگەر بوو. ڕۆژ هەتا ئێوارێ ئاسنیسوورەوە بووی دەکوتا. باپیرەکانم، پێش لە دایک بوونم مرد بوون. ئێستاش بۆتەداخێک لە سەر دڵم کە بڵێی قەڵافەتیان چۆن بووبێ؟ یەکیانحەیرانبێژ دەبێ. ئەوی دیشیان مەلایەکی حافز کە کچێکیجحێڵ چاوساغی دەبێ. کەس نازانێ بابم چۆناوچۆن دڵیدەپەڕێتە سەر کچە مەلا.

خاڵم نەبوون هەتا بیرکەن بن. دەماوە سەر مامەکانم. ماممیرزام جوانەمەرگ دەبێ. مامی هەرە گەورەشم بابم کوتبووی:«شوانە».

هەر چەن بیر هەڵکەندن ناخۆشە و کەم کەس خۆ لە قەرەیدەدا، بەڵام لەوەی ئەم کارەم هەڵبژاردووە پەژیوان نیم.پاچەکەت هەڵدەگری.

جەغزێک بە دەوری خۆتدا دەکێشییەوە.شان با دەدەی و بە باوەشی گەرم و شێداری زەویدا رۆدەچی.خۆتی و رەهەندێک و ئاسمانێکی شین کە بە قەد موجوعمەیەکدەبێ. نانا، پەشیمان نیم. ئەم کارە کراسێکە و بە بەژنی منبڕاوە. چەن خۆشە کەسێک لە سەرێڕا هەرات دەکاتێ:«نەگەیشتە ئاو؟»

تۆش سەر هەڵدێنی و دەڵێی: «دەگاتێ بۆ کوێ دەچێ».

هەر ئەوەندەی بن قوونت نمی پەیدا کرد، وەک گوڵدەپشکوێی.

خۆڵی بیرەکە جار لە گەڵ جار تەڕتر دەبێ. بە تەواویهێزەوە، پاچەکەت دادێنیەوە و «ئاو» بە هێمنی بزەی منداڵێکدەست دەکا بە هەڵقوڵین. دەست رادەگری. چاو لە هەڵقوڵینیدەبڕی. روخساری ئارەقاوی خۆت لەوێدا دەبینی ودادەسوکنێی.

* * *

دڵم تێک دەڕمێ و بە پەشۆکاوییەوە بە سەر دایکمدادەنەڕێنم: «... خەونم دیوە، خەونم دیوە، بریا، چاوت بیدیبا وبتزانیبا چ شاخێکە...».

بە کوێرەکوێر دەچێتە سەر سەکۆی حەوشەکەمان وکوشک هەڵدێ.

دوای مردنی بابم، چاوەکانی دایکم رووناکاییان لێبرا.دوایش ئەو خەونانەی بوون بە قیلی کەواسپی و لە یەخەینەبوونەوە.

«چاوەکانی گۆمیلکەی خوێن بوون. کوتکی ئاسنگەرییەکەیهەر بە دەستەوە بوو. ڕ، ببووە ڕەشمار و لە نێو چاوانیداپەپکەی خوارد بۆوە. کوتکەکەی بە عەرزدادا و کوتی: «پێی بڵێئێرە هەڵکەنێ، هەر وەخت گەیشتە «ئاو» چاوەکانت سۆمایانوەبەر دێ».

وای لێهات بابم خزایە نێو خەونەکانی منیش. چوارشانە ودەست و بازۆڵە قەوی. تووکی سەرسنگی وەک گیا و گژ تێکئاڵابوون و لە چاوی دەدا. دەینەڕاند: «تۆ کوڕی من نی». ملمیدەگرت و لاقی لە عەرزی دەبڕیم. سەرمی لە سەر سندانەکەی دادەنا و بە تەواوی هێزەوەکوتکەکەی دادێناوە...».

* * *

وەختایەک لە درگای ئێمەی دا سێ چوار منداڵی بە دواوەبوو.

چاوە ڕەشەکانی تێبڕیم و کوتی: «ئێرەیە ماڵی مامم»؟

ـ «مامت؟ مامت کێیە»؟

ـ «بابم دەیکوت: ئاسنگەرە».

سەرم سووڕمابوو. کوتم: «تۆ کێی لە کوێوە هاتووی»؟

ـ «ترووسکەم، کچی مامشوان، لەو کوێستانانەی...».

«برا گەورەمانە، کەرتە مەڕێکی هەیە و گەرمێن وکوێستانیان پێدەکا».

بەڵام قەتم نەدیبــوو. تــەنانــەت ئــەو وەختــەی بابیشــم مردنــەهاتــەوە بــۆ سەرەخۆشی.

ـ «ئەی مامم لە کوێیە، بۆ بە تەنێ هاتووی»؟

خۆی بە باوەشی دایکمدا کرد و لە بانگی گریانیدا.

«هەر شەوێکی مانگەشەو با، لە سەر دوندی شاخی شمشاڵیلێدەدا، بەڵـام ئەو شەوە، چ باس نەبوو. بەیانی بەرەو شاخیتێهەڵبووم. هەر هــەنگـاوێکی هەڵمدێناوە دڵە خورپەم پتر دەبوو.مەڕ دانــە دانــە دەرکــەوتــن. دەتکـوت گورگ لێی داون. هەریەکەیبە لایەکدا بڵاو ببوونەوە. بەشدارەکان دەمیان لە زامی خۆیاننابوو دەیانلستەوە. یەکیان لە پاڵ جەنــدەکــی نیــوە گیــانی بابموەرکەوتبوو. بابم بە حاڵ گیانی تێدا مابوو. هەر ئەوەندەی بۆهات بڵێ: «بە برازاکەم بڵێ خوێنم ون نەکا...».

ترووسکە زۆر زوو بووە بەشێک لە ماڵە بێترووسکەکەمان.

من و ترووسکە و دایکم کە ئێستا دەستی کردبوو بە تووک ونزا.

ـ «بریا لە جیات تۆ تووتکە سەگێکم بایە، شاخە وهــەڵــناکەنــدرێ، هــەی خوێڕی...» لە هەموو شت سەیرترخەونــەکــانی خــۆم بــوون. شــەوێکیــان خەونم بە مام شوانەوە دی.عەیزەن و بیللا بابم، ردێــنی دەتکـوت کلــووی بەفرە. دەپازدەکەس خســتبوویانە گــەمــارۆی خۆیانــەوە. ئــەو جــەغــزەی بەدەوریاندا ساز کردبوو، جار لە گــەڵ جــار تــەنگتــر دەکــردەوە. لــەقاقــای

پێکەنینییان‌دا و هەموو بوون بە گورگ. ددانیان لەچیڕەوە دەبرد. تەپیان‌دا سەری و کوێستانی ریشی سوورهەڵگەڕا....

ـ «دەیکوت لە خەو هەستێ و دەست بە کار بێ».

ـ «چییە دیسان دایە، ئەو قەڵەمانەت لە کوێ بوو»؟

ـ «بابت ئەم شەو هێناویەتی».

لەوانە بوو چاوم بچنە پشتە سەرم. نەڕاندم: «شێت بووی‌شێت، دایەگیان؛ بابم ساڵەهایە مردووە». بەڵام نا، لەم شارەداتەنیا بابم قەڵەمی بەردبڕینی ساز دەکرد. بە تووڕەییەوە هەڕام‌کردە پاچەکەم و لە سەر تەقتەقانی نێوەڕاست حەوشەکەمان،جەغزێکم بە دەوری خۆمدا کێشاوە. تفم لە بەری دەستم‌دا وپاچەکەم لە سینگی جەغزەکە رۆکرد. تێیدا شل و کوت بووم‌هەتا نیوەڕۆ نەمتوانی پتر لە بستێ هەڵکەنم.

ـ تروسکە دەهاتە لام. بە دیتنی، ماندوویيم لێ دەتارا.هەستم دەکرد دەلاقەیەکە، بەرەو دنیایەکی پڕ لە رەمز و راز وسیحراوی. کلیلی قفڵێکە، کە ساڵەهایە لێم ون بووە. وڵات تاریک‌ببوو، بەڵام زیاتر لە بست و نیوێکم بۆ هەڵنەکەندرابوو. تووڕە وماندوو، خۆم بە ژووریدا کرد.

ـ «فەرموو ئەو جار کێ ئەسبابەکانم بۆ دەمەزەرددەکاتەوە»؟

دایکم متەقی لێوە نەهات. شەوێ بە نرکە نرکی هەناسەی‌بابم و تەپ و هۆڕی کوتکەکەی لە خەو راچەنیم. دەنگی وەها لەگوێمدا دەزرینگاوە پێم

وابوو له کاسه سەرمدا دەیکوتێ.تەواوی وڵات گەڕام سۆراغی نەبوو. چوومە دیوەکەی دایکم وترووسکە، بەڵام هــەتـا بــەینـــێ تاســام. بــڕوام بــە چــاوم نەدەکرد.ترووسکە ئازای ئەندامی دەتکوت پۆلووی ئاورە و شنەیەکی‌هــێمن دەیگەشێنێتەوە.

دەستە لەرزۆکەکانم بۆ برد. چزە لە دەستم هەستا و راچەنی.سەرم ببــووە بەرداشێک و نەمدەتوانی.

کە لە خەو هەستام ترووسکە رۆیشتبوو. لە بەر هەیوان،دەستەوئەژنۆ، بیرم لە رۆیشتنی کتوپڕی ترووسکە دەکــردەوە.دایکــم بــە دســتەکوتــێ خــۆی خستە گۆمیلکەی خەیالم و هەژاندی.

ـ «هەستە بڕۆوە سەر کارەکەت».

چوومە سەر بیرەکە. بە بێــوازی مــن پێــدەکــەنی و زاری لێــکــرەویبــۆوە. شێتانە پاچەکەم داهێناوە و پێکەنینم لە گەروویداخنکاند. دەمزانی تــەنیــا هەودایەک کە بە یەکەوە گرێمان دەدا ئەمبیرەیە. کانگــام لــە گرانــە بــەرد داخست، هەر پارچە شاخێک کەهەڵدەتەکا فێنکاییــەک دەکــەوتــە دڵــم. دەمزانی ئەمڕۆم لە دوێنێباشتر دەســت پێکــردووە. لای نیــوەڕۆ، بــە حــاڵ سەرم دەبیندرا وکارەکەم وەدیار دەکەوت. دەمەو رۆژپەڕ غەیــری ئاسمــان ودایکم کە هاتبووە لێواری چاڵاوەکە، هیچ کوێیەکم لێ دیارنەبوو.

له نێو جێدا ئەوشان و شانم دەکرد و خەوم لێنــەدەکـەوت.جگـەرەیـەکـم داگیرساند و چوومە حەوشە. زڕەی زەنگ، زەریـایخـەیاڵـمی شڵـەقانـد. دەتکوت کەرتە مەڕێک گورگ راوی ناون وهـەمـوو زەنگیـان لـە ملدایـە. هەرچەن هەستم راگرت سەرچاوەیدەنگەکەم بۆ روون نەبۆوە. سەرەگێژەم گرتبوو. لە نێوبیرەکەدا، کەسێک لـە گـەڵ راوەشـاندنی خـۆی، دە پـازدە زەنگیشـیرادەوەشـاند. دەسـکی پاچـەکـەم تونـد لـە دەسـتمدا کوشـی وهەڵمهێناوە. سەری هەڵێنا و دەستم شل بۆوە.

ـ «لێرەدا چ دەکەی ترووسکە؟»

ـــ «وەک گـەڵــای داران رژابوونــە ســەر عــەرزی، گــورگهــەموویــانی خنکاندبوو...»

زەنگوڵەکانم لە دەست وەرگرت. بێدەنگی بە وڵاتدا پرژا.دەستی خستە نێو دەستم. برووسکەیەک بە لەشمدا تێپەڕی.هەستێکی نامۆ دەروونی بەتـاڵ دەکردم. لە ژێر تریفەیمانگـەشـەو سـێبەرەکانمـان تێـک دەئاڵـان، دوور دەکەوتنەوە ودەبوونەوە بە یەک. دڵم بە پڕتاو خۆی بە دەفـەی سـینگمدا دەدا. لەنێو بیرەکەڕا دەنگی شمشاڵ دەهات و من بە خۆمدا دەشکامەوە.لە پەنا دایکم لە سەر جێیەکەی دامنا. وەک تفلێکی ساوا کەتێرشیر نەبـووە، بە حەسرەتەوە لە منی دەڕوانی. ئەوشەوە تابەیانی سۆزی شمشاڵـی دڵـی برژاندمەوە.

دەستمدا پاچەکەم و بەرامبەر بـە ترووسـکە و دایکـمراوەسـتام. ترووسـکە کوڵمەکانی خوێنی تێزا و بزەی هاتـێ.پۆنگـاوی هـەسـتێکی شـیرین لـە دەروونمدا تەقییەوە. بیرەکە لەقاقای پێکەنینیدا و بە گەروویـدا رۆچـووم. ئێستا ئەوەندە قووڵبوو کە بە سەتڵ و کەنـدر دەبـوو لـەتـە شـاخ و ورکـە بەردهەڵکێشی. وەختایەک ترووسکە یەکەم سەتڵی هەڵکێشا،دەتکوت تازە لە دایک بووم. لە لێواری بیرەکە دادەنیشـت وقسـەی بـۆ دەکـردم. «ئـەو کاوڕانەی ئێستا بە شـاخانەوە بێشـوانو ئـاخری رۆژێـک دەبـێ بچێتـەوە لایان...»

ــ «تـۆ بـڕۆی ئـەم بـیرە و تـەواوی دنیـا بـە سـەر منـدا هـەرەس دێنێترووسکە...»!

تاوێک مات دەبوو. بە شڵەژاوییەوە دەیکوت: «ئەی ئـەوبـەرخانـە؟ گـورگ هەر شەوەی هێندێکی ئایەغ دەکا و...».

کوتکەکەم لە قامکی خۆمدا و یەک بە خـۆم نـەڕانـدم. خـوێنبـازرەقـەی بەست.

ـ «چ بوو...».

هاتمـە سـەرێ. خـوێنی قـامکم بـەنـد نـەدەبـوو. دایکـم لـەسـووچێکی بەرهەیوانەکە دانیشتبوو. ترووسکە برینی قامکمیدەمژی و ژانەکەی هێـور هێور دەشـکا. خوێنـەکـەی وەسـتا.دەتکـوت قـەت برینـدار نـەبـووە. بـە

سەرسوورماوییەوە چوومەوەنێو بیرەکە. بستێک خوێنی تێدا راوەستابوو. ئەو هەموو خوێنەلە کوێوە هاتبوو؟ خوێن گرتبوومی. دەستم بۆ پاچەکەمنەدەچوو. خوێن جار لە گەڵ جار زیادی دەکرد. سەرم لە گێژەوەدەهات. دنیا ببووە چاڵاوێکی پڕ لە خوێن و تەنگ و تاریک.هێڵنجم دەدا و خوێنم هەڵدێناوە. نەڕاندم و لە سەرخۆ چووم...

سەرم لە سەر رانی دایکم بوو. بە سەرمدا دەگریا و دەستی لەقژم وەردێنا. تاپۆی ترووسکەم لە زەینمدا بۆ نەدەچۆوە سەر یەک. مامشوانم لە جێیەکی نادیارەوە شمشاڵی لێدەدا و من خەودایگرتبووم. باران نەرم نەرم دایکردبوو.

ـ «مەگری دایە، ئاورم تیبەرمەدە».

ـ «هەناسە سارد خۆم، لەمەو بە دوا کێ بیرەکە هەڵدەکەنێ؟»

ئەو شەوە بابم وەها بە تووڕەییەوە کوتکەکەی دادێناوە دنیادەلەراوە. تەنیا من بە خەبەر بووم. ئۆقرەم لێهەڵگیرابوو.چوومە بیرەکەوە و جگەرەیەکم داگیرساند. دەنگی حەیراندەهات و من غوربەت دایگرتبووم. نازانم بۆچی کت و پڕمامیرزام هاتەوە بیر. بیرەکە دەستی کرد بە لەرینەوە و خانووی‌خەیاڵم تێکتەپی. تەرکی بیرەکە لێکرەوییەوە و مام میرزا هاتەدەرێ. جگەرەکەی لە دەست وەرگرتم و دوو مژی لێدا. بەچاڵاوەکەدا هەڵزنی. منیش بە دوایدا. لە سەر سەکۆی حەوشەدانیشت. ئاوێنەیەکیدا

دەستم و کوتی: «دەڕۆم خەیاڵ بەتەنێیە» چووە لێواری بـیرەکـە و خـۆی بەرداوە. ئاوێنەکە لە نێومستمدا ورد و خـاش بـوو. بـابم پـڕ بـە گـەرووی هاواری کرد: «وەیبرا شیرینەکەم پشتم شکا».

باپیرم لە قووڵایی بیرەکەڕا دەستی کردبوو بـە قورعـانخوێنـدن. دڵـم لـە رکەی سینگمدا جێی نەدەبۆوە. دنیا کوژاوە و لەسەر خۆم چووم.

کـە وەهـۆش هاتمـەوە، نێـو مسـتم پـڕبوو لـە ورکـە ئاوێنـەیخوێنـاوی؛ حەوشەکەشمان هـەروا. تـرووسـکە لـە نێـو لـەتێکـدا لـەخـۆی دەڕوانی و ئەسرینەکانی بە غوڕڕەم دادەبارین.ئاوێنەکەی دا دەستم و لە خـۆم روانی. لەوانە بوو چاوم بچنەپشتە سەرم. بڕوام بە ئاوێنەکە نەدەکرد. فڕێمدا و بوو بە هەشتنۆ دە لەت؛ منیش لەت بووم و لـە هـەر لـەتـدا بـە شـێوەیـەک خۆمدەدی. لە یەکیانـدا سـەر و ردێـنم ببـووە کلـووی بـەفـر. وەکـازێکم بـــەدەســـتەوە بـــوو. لـــە پـــەنـــا ئاگردانێـــک لـــە رووی کتێبێکـــی سەیرەوەئەفسانەیەکم بۆ دایکم و تـرووسکە دەگێـڕاوە. لـە لـەتێکـی دیدا، لەسەر گڵکۆی بابم قورعانم دەخوێنـدەوە. هێنـد بـە سـۆزدەمخوێنـدەوە، تەواوی مردووەکان دەستیان کردبوو بە گریان.

دایکم لە لێواری بیرەکە دانیشتبوو، خۆی دەڕنی و دەگریا.

ـ «مام میرزا دایە، مام میرزایان کوشت».

ـ «هەناسە سارد خۆم، بیرەکە پڕ بۆتەوە».

که له بیرەکەم روانی پڕ بوو له لەته ئاوێنه و خـرە بـەرد.دەسـتم کـرد بـه دەردانی. گەڕابوومەوە نـووک. دوو حـەوتـوویخایانـد هـەتـا چاڵـاوەکـەم دەرداوە. گەیشتبوومەوە تەرکیبیرەکە. بـەڵـام نـه بـەرد بـوو، نـه خـاک. ئاوێنەیەک بوو، یەکپارچە.پڕ به بیرەکە. که گوێم پێوە دەنووساند، خوڕەی ئـاو نمـەنمـەدەڕژایـە نێـو دەمـارەکـانم. هـەرچـەن پاچـەکـەم دادێنـاوە کاریلێنەدەکرد. قەڵەم و پاچەکەم له کەڵک کەوتن. بابیشم وەکجـاران، شەوانه نەدەهـات بـە هاوارمـەوە و ئـەسـبابەکـانی بـۆ تیژنـەدەکردمـەوە. دایکیشم تەنیایی خۆی له باوەش دەگرت و چینەدەگوت. هـەمـوو شـتێ قەتیس مابوو. ترووسکەش دایم لەولەته ئاوێنانەی نێو حەوشه رادەمـا. لـه نێو ئەو ئاوێنه شکاوانەدابۆ شتێک دەگەڕا و بۆی نـەدەبینـدراوە. شـەوێـک چوومەدیوەکەی. لەوێ نەبوو. چوومه حەوشە. شەو زرینگـابۆوە.سـۆزێکی سارد، تەزووی به لەشی ئەستێرەکاندا دێنا.

ڕووناکی به تەوژم له زارکی بیرەکەڕا هەڵدەزنا. تاسێک بەسـەرمـدا هـات. ترووسکه دەتکوت ئاوێنەیە و ڕۆژی تێگیراوە.چاوم له حاندی هەڵندەهات. ڕۆیشتمه خوارێ. بۆنەدەگەیشتمێ؟ یانی ئـەوەنـدە قـووڵ بـوو؟ لـە گـەڵ چوونه خوارێیمن ترووسکەش د... و... و... ر دەکەوتەوە. پشـووم سـوار ببوو.سەرم هەڵێنا، هەتا چاو هەتەری دەکرد تاریکی بوو. خۆفێکیڕەش له جەستەم هاڵابوو.

چاوم لە ڕەشەوە دەهات و دەست و پێم دەلەرزی. دڵـم تێکـەڵـدەهـات و هەستێکی سامناک رایدەتڵەکاند. دڵم تەقییەوە و بەربوومەوە.

ـ «ڕێیە، سەر دەرناکەم لە خۆم ماڵ وێرانێ

ئەمن نازانم بۆ گەرمێنی دەچم نە بۆ کوێستانێ؟»

تروسکە بوو، سەرمی لە سەر ڕانی دانابوو بە سـۆزەوەحـەیـرانی دەگـوت. فرمێسکەکانی دادەباری. چاوم بە وڵاتدا گێڕا.تازە خەریـک بـوو سـیوادی ڕۆژ دەکراوە. مانگ ڕەنگیهەڵبرزکابوو.

ـ «سەرمامە تروسکە، دڵم بۆتە پارچەیەک سەهۆڵ».

تاسەیەکی ئاگرین لە چاویدا پۆنگی خواردبۆوە. لێوەکانیوەک چۆڵـەکـەی سەرمابردوو دەلەرزین. ڕچەی نەشکابوو.کوێستانێکی مۆر. بوومە تۆپـەڵـە بەفرێک و هێور هێور لەگەرمای لەشیدا توامەوە. چ چاڵاوێکی قـووڵ و بـێ بـن بـوو.شـیرناییەک دڵـۆپ دڵـۆپ بـە ئـازای ئـەندامـدا دەتکـا و گرێپووچکەیەک لە دەروونمدا دەکرایەوە. گەیشتبوومە سنووریپشکووتن. لە چرکەیەکدا پشکووتم و ژاکام. مانـگ لـە ئاوێنـەیکچـێنی تروسـکەدا پەلەقاژەی دەکرد...

لە گەڵ یەکەم تیرێژی ڕۆژ، مانگ هەڵپرووکا و بـوو بـە هـیچ.هـەسـتێکی سەیر هانی دەدام بچمە سەر بیرەکە. سەرم لە گێژەوەدەهـات و برسـیەتی زۆری بۆ هێنابووم. سەرم بە سەردا گـرت.«ئـاو» لـە تـەخـتی بـیرەکـەدا

دەشنایەوە. هەڵاتم بۆ دیوەکەی دایکم.بە سەر پاچ و قەڵەمەکانمدا دەگریا.

ـ هەستە دایە، بیرەکە پڕبووە لە «ئاو».

سەری هەڵێنا و بە دەم گریانەوە نەڕاندی: «ئەوە ئاو نییە...»

دایکم دەگریا و پاچ و قەڵەمەکانم دەتوانەوە و دەبوون بەگووراسن.

برسیەتی تەنگی پێهەڵچنیبووم. هەڵاتمە حەوشە. ترووسکەلە سەر سەکۆی حەوشە شمشاڵی بۆ ئەو پۆلە بەرخە لێدەدا وابە دەورییەوە کاوێژیان دەکرد.

بە گەرووی چاڵاوەکەدا شۆڕبوومەوە. برسیەتی هەراسانی‌کردبووم. هەستم دەکرد پارچەیەک سەهۆڵم و لە گەڵ هەرهەنگاوێکی کە دەڕۆمە خواریێ، چووک و چووکتر دەبمەوە.

ددانەکانم دەنک دەنک هەڵدەوەرینە نێو زارم و قووتم دەدان،بەڵام برسیەتیم نە دەشکا. بیرەکە، هەزاران ڕەهەندی لێپەیدابوو. لە ڕەهەندێکدا باپیرم دانیشتبوو، قورعانی دەخوێندەوە:«اڕا زُلزِلتِ الارقُ زَلزالها...».

لە ڕەهەندێکی دی‌دا بابم بە سەر ئاگردانە کوژاوەکەیدادەگریا.

لە جێیەکی دی مام میرزام دەستی خەیاڵی دۆستی گرتبوودەیکوت:

«یای خەزاڵ بزانە چۆن کارانت بۆ پێک دێنم

یان سەری خۆم دادەنێم یان گوڵی شۆڕانیت بۆ دێنم»
تنۆکتنۆک دەتوامەوە و بە دیواری بیرەکەدا دەخوشیمەخوارێ.
دایکم لە لێواری بیرەکـەڕا نـەڕانـدی: «ترووسـکە... وەرە ئـاو...ئـاو...».
منیش ئاخر تنۆکم تکایە تەرکی بیرەکە...

* * *

پایزی ٧٧ ـ بوکان

بۆگەن تەواوی دیوەکەی تەنیوەتەوە. غەیری جەندەکی خۆمو ئەو پەنجەرەیەی بەرامبەرم ـ کە شوشەکانی قیلی رەشن ـهیچ کوێیەکم لێ دیار نییە، رووناکاییەکی کەم تەوژم لەپەنجەرەی پشت سەرمڕا کەوتۆتە سەر قاچم. لەشم جار لە گەڵجار دەماسێ. لاقم بوونە خەریتە. هەست دەکەم، کەللەسەرمگەورە و گەورەتر دەبێتەوە.

گوێچکەم لە گۆشتدا نوقم دەبێ. کونی چاوم چووک وچووکتر دەبێتەوە. جگە لە شەقڵ بەستنی گۆشتی جەستەم،دەنگێک کڕ و کپی دیوەکە بۆژۆ ناکات. دەم و لوتم وەها لە بنمیچ توند دەبێ ئەلعان نا ئەلعان هەڵی تەکێنێ....

خڕەی زەنجیرێک و رووناکی بە تەوژم لە گەردنی تاریکیدەهاڵێ. چووک و چووکتر دەبمەوە. دەستێک بە سەر لەشمدادێ. بۆن بە سنگ و بەرۆکمەوە دەکا. دەم دەنێتە ناو دەمم. هێقدەداتەوە و بە زارمدا

دەرِشێتەوە. هەناسەی لـە هـەناسـەم دەهاڵـێو شـێتانە لێـوم دەکـرۆژێ. قورسایی دەخاتە سەر لەشم. دیوەکەدەست دەکا بە جۆلانە. باڵ دەگـرم و لە پەستا لە میچی دیوەکەنزیک دەبمەوە لە پڕ دەکـەومـە خـوارێ. ورد و خاش دەبم. لە گەڵزڕەی زەنجیر، ئەندامی هەپروون بە هەپروون و لـەت و پـەتمەوک دڵـۆپە جیـوە هۆمـەن دێـنن بـۆ یـەک و لـە نێـوەراسـتی دیوەکەدادەگیرسێمەوە.

* * *

زارم دادەپچڕم و دەیکێشم. قژەسەرێکی بێ کۆتایی. چاوم لـەژێڵڵـا دێـن. هێڵنج دەدەم. لە وانەیە جەرگ و دڵم بێتە دەرێ. لە نێـوقژەسـەردا نـوقم دەبم و پەلە قاژە دەکەم قژەکان تێک دەهاڵێن.دەبـن بـە پـرچ. پرچێکـی درێژ و قەترانی. لە لاقم دەهاڵێ و بـە دار ودیـوارم دادەدا. دەسـت و پـێم توند بە پەنجەرەکانەوە شەتەکدەدرێ. دەستێکی نادیار پرچەکە جەڕەبابە دەدا و جەستەم لەحەوا رەپ رەپ دەوێستێ.

* * *

ئەنگوستەکانم لە پەنجەرەی پشت سەرم ریشەیان داکوتاوەئازای ئـەنـدامم بووە بە گەڵا. شیرناییەکـی سـەوز بـە دەمـارەکانمـدادەگـەڕێ. سـووڕانی کلیلێک و زڕەی زەنجیر، لەشم سڕ دەبێ.دڵم گەرم دادێ. ئاور دەگرم. لە سەرە خۆ دەسووتێم. کەسێک بەسەرمدا دەگری. هەنیسکەکانی ئاوێتـەی

ئاخر هەناسەکانمدەبن، تاڵ تاڵ قژەکانی هەڵ دەکەنێ و بە منیەوە دەنێ. ئەژنۆیلە ئامێز دەگرێ و دەست دەکا بە گێڕانەوەی چیرۆکێک. لەوانەیەشێت بم. لە نێو خەڵووزەکاندا چاو لە گوێچکەم دەگێڕم. بەوردی سەرنج دەدەمە جووڵانەوەی لێوی. قەتارە فرمێسکیدەنکدەنک دەپچڕێت و هەڵدەوەرێتە سەر من و کزە لە جەرگو دڵم هەڵ دەستێ. کراسەکەی دادەماڵێ و لە ترسان لە سەر خۆدەچم.

* * *

بێدەنگیەکی بە سام بە تاریکی دیوەکەدا پژاوە. هەسترادەگرم. دڵم دەماسێ و هەناسەم سوار دەبێ. دەست بە لەشمدادێنم. دەگەمە سەر سینگم و یەک بە خۆم دەزریکێنم. بە ترس وسەرسوڕمانەوە دیسان دەست دەبەم بۆ بەرۆکم. لە ملیوانیکراسەکەمەوە سەر دەر دێنن. لە پەنجەی دەستم دەڕوانم.بوونە مار و دەجووڵێنەوە. لە نەکاو چاوم دەر دەپەڕن ودەکەونە بەرپێم. چاوەکانم بە ترسەوە و تێم دەڕوانن، لێکنزیک دەبنەوە. پشتم تێدەکەن و خۆمم لێ ون دەبێ. دنیا ڕەشدادەگیرسێ.

* * *

قسەی هیچیان لێک نەدەچوو. دەتکوت لەوە پێش بیستوومن.

ـ «بە گوریسێکی چل گەزی دایان هێشتە خوارێ».

ـ «تووک و نەزای خەڵکی سەری بوونە نەشتەر و لە جەرگیرۆچوون».

ـ «وەختایەک گوریسەکەیان بەر داوە گۆرانی و گریانئاوێتەی یەک بوون».

ـ «بیابانێکی ویشک و برینگ، تونیەتی ئامانی لێهەڵگرتبوو».

ـ «تەنیا و دووگیان لێو بە بار و رەنجەڕۆ رێی دەبڕی».

ـ «شەوو سۆڵەی ئاگرێک لە بەر بێ هێزی بە لادا دێ».

سەریان هێنا دەرێ و لە ملم هاڵان. پێکەوە رووابوون. جار لەگەڵ جار پتریان ملم رێک دەکوشی. هەستم دەکرد دەمارەکانمبوونە کلکە تەشی و دەرپەڕیون. دەستم بۆ چاوم دەگێڕا. وونببوون یان خۆیان لێ شاردبوومەوە؟ بە گاگۆڵکێ بە دیوەکەدادەگەڕام. ئارام ئارام پەلم دەکوتا و رۆ دەچووم. هەتا هێزم تێدابوونەڕاندم. تەبەقێک شووشە خڕمەی کرد و هات بە سەرمدا.شوشەی کام پەنجەرە بوو؟ دەستم برد بۆسەرم. لە تێکشووشەی پێدا چووبوو. بە هێمنی دەرم هێنا. خوێن بازرەقەیبەست. مستم گرتەوە و هەتا توونیەتیم شکا خواردمەوە.دەستم کردەوە بە پەل کوتان. لە سەر لێواری پەنجەرەکە دووهەڵماتم وە بەر دەست هاتن. وەرم سوڕاندن. چاوی خۆم بوونتێیان دەڕوانیم. یەکیانم خستە قاپیلکەی چاومەوە. دەستم بردبۆ ئەوی دییان، خزی و بە گونجەی پەنجەرە کەدا رۆیشتەخوارێ.

* * *

«به بیرەکەدا ڕۆیشتە خوارێ و لە نێو کچان دا هەنگامەسازبوو».

ـ «بریا هەر دەنگی خۆش با، خوداشتی واجوانی بوسازنابێتەوە».

ـ «نێوی چ بوو، دەڵێن بێ دایی و باب گەورە بووە...».

«لەو ڕۆژەوە بوو کچان پەلکەکانیان لە بندا بڕی. لە بەرتریفەی مانگەشـەو، لێک کۆ دەبوونەوە. پەلکەکانیـان لێـک هـەڵـدەوەشـاند و دیسـان دەیـان هۆنینـەوە. بـە پـێ دزە دەهاتنـە سـەربـیرەکـەو هـەر شـەوەی یـەکیـان دادەهێشتە خوارێ...».

هەر لە بـیری چاوەمـدا بـووم کـە ملـی بـەردام و خـۆی بـە گـوێمداکـرد. گەیشتبووە ئەو جێیەی نۆرەی کچی حاکم دێ و بـێ دەنـگبـوو. خزییـە قوڵکی چاوەمەوەو لەوێدا پەپکەی خواردەوە. ئەویدیشـیان ملـی بـەردام و بەرەو چاوم تێهەڵبوو. لە چاو تروکانێکدائاوقای یەک بوون. سینگم لەوانە بوو لە بەریەک بپچڕێ. لە گەڵهەر گازێکی لێکیان دەگرت، پارچەیەک لـە ئەندامم شینهەڵدەگەڕا و خوێنی تێ دەزا.

* * *

«وەختایەک چاوی هەڵێنا خۆر خەریک بوو خۆلە ئـامیزیئاسـۆ دەربـاوێ. برووسکەیەک بە لەشیدا هات. ڕاچەنی،قاقڕێکی کـڕ و کـپ. هـەتـا چـاو هەتەری دەکرد خۆڵ و خۆڵ.توونیەتی تەنگی پێ هەڵـچنیبوو. خـۆی بـە بـاوەشـی هـەمووتراویلکـەیـەکدا دەکـرد. هـەنگـاوی بڕسـتی لێبـڕابوو.

ئـەژنـۆیدەفیـزا. ئاسمـان گێـژی خـوارد و بـەلادا هـات. کـە چـاوی هەڵێنا،ئەستێرە لە عاسمان سریوەیان دەهات. لەشی سڕ ببوو. خوڕەیئـاو مچورکێکی پێدا هێنا. بە بەر پێیدا کانیاوێکی زوڵاڵ تێدەپـەری لێـوە بـار گرتووەکانی لە سەر دانا. چزە لە لێوی هەستا وزریکاندی. لە بەر تریفـەی مانگەشەو روانییە وێنەی خۆی لەکانیاوەکەدا. تاجێـک لـە دڕک و داڵ لـە سەری روابوو. ژان دایگرتو وەک ماری برینـدار لـە خـۆی هاڵـا. هاتـەوە بیری دوو گیانە.بڵێسەی ئاگرێک لە بیبیلەی چـاویدا دەشـنایەوە. رووی تێکــرد ودەســتی کــرد بــە هــەڵــاتن. لاقــی تێــک دەنگــوا و لاتراسکەیدەبەسـت.لـە تـەنیشـت ئـاگرەکـە چـۆکی دادا. لـە تـاوان بـە لەپیدەستیدا دەنووسا و گرمۆڵە بوو. لە گەڵ ئاخر لاقە فرتێی زاِ وزرووقی منداڵێک بێدەنگی دنیای ژاکاند. لـەشـی وەسـەر ئـارەِگـەڕابـوو. روانییـە داوێنی. لە خاک و خۆڵی گوێی ئاورەکـەدا پـەلـەقـاژەی دەکـرد. دیسـان چاوی لە ژێڵڵا هاتن و دنیا لێک رەوییـەوەئـەسـتێرە دانـەدانـە کوێراییـان دادەهات. بە چەِ و لووری گورگوەهۆش هاتەوە. چـوار منـداڵ بـە دەوری ئاگرەکەدا تەوافیاندەکرد. دەستیان بۆ سکڵەکان دەبـرد و پێـدەکـەنـین. خوودار وپەشۆکا و پێچکـەی دەگـرتن و لـە نێوگـەڵـیان ڕادەمـا. لـەوانـە بووشێت بێ، نەیدەزانی کوڕن یان کچ. پڕی بە نێوکیاندا دەکرد و لەرەگ

و ریشەوە دەری دەکێشان و دەیخستنە نێو ئاورەکەوە.گورگەکان چاویان دەترووسکاوە و بەرە بەرە نزیکدەبوونەوە...».

چی دی دڵم بڕوای نەدا. دەستم برد و لە گوێچکەم هێنادەرێ.سەری ببووە گورگ و خوێن لە ددانی دەچۆڕا. دەستم کرد بەهەڵ خولان بە دەوری خۆمدا و لەو هەموو رووناکییەی لەدیوەکەم گەڕابوو، زارم ببووە تاقی چرا. نیگام لە سەر پەنجەرەرەشەکە جەلغەی بەست. چوار گورگ زاریان داپچڕیبوو.زیتەی چاویان دەهات و لە بن میچیان دەڕوانی. سەرم هەڵێنا.سەدان نێوک بە بن میچەوە هەڵواسرابوو، تک تک خوێنیان لێدەتکا. لە گەڵ هەر تنۆکە خوێنێکی بەردەبۆوە، چزە لە عەرزیهەڵدەستا و بۆچەک دەچووە حەوا. لە نێو کزەکزی گۆشت وبۆچەکدا ون بووم. بوو بە چەِ و لوور و شتێکی نەرم خزایەگوێچکەم.

* * *

لە مێژساڵ بوو بیری لەو باوەشە رووناکییە دەکردەوە وابەیانیان لە زارکی بیرەکەڕا دەپژایە خوارێ و هێور هێور لەکەمی دەدا، تا بە جارێ مەفع دەبۆوە. لەو تاریکەسەلاتەدائارەزووی پەڕیبووە سەر رووناکی. بووە دەنکە گەنمێک وبەرەو روونی هەڵزنا. وەختایەک ئاوێتەی دڵ ئاوایی سەرزەویبوو، چاوی لە حاندی هەڵ نەدەهات. گڕکانێک لە دەمارەکانی دادەخرۆشا. پڕ بە گەروو چریکاندی. شیوو دۆڵەکان دەنگیانداوە و بۆیان

سەندەوە. سەری خۆی هەڵ گرت و رۆی. خەڵکیھەر کەدەنگیان بیست، بیرەوەرییەکی ژاکاو و کۆن لە زەینیانداژیاوە. نێوچاوانیان تێک ناو بوونە بارانی بەرد و شاربەدەریان‌کرد، هاتەوە سەر بیرەکە و جوستەی داهێزراو و هەلاهەلایبەرداوە....

* * *

وەک ئەوەی لە جێیەکی بڵیندەوە بەر ببمەوە، نرکە لە جەرگو دڵم هەستا. روانیمە سەر عەرزی. دڵم ببووە هەشت نۆ دە لەت.دەستم دەکوتا و لەت و کوتی دڵم کۆ دەکردەوە. لەتێکم خستەقوڵکی چاومەوە. تاریکاییەکی خەست رژایە دیوەکەمەوە. مانگ‌لە چوارچێوەی پەنجەرەی پشت سەرمدا ببووە دڵۆپێک خوێن.ترس و دڵەخورپە خزایە دەروونم. هەستم دەکرد دووچاویسوور، دوو تنۆک خوێن نا دوو پۆلووی ئاور لێم دێنە پێش.پاشە و پاش دەکشامەوەو دەستم بۆ دیوار دەگێڕا پاڵی پێوەدەم.بۆ دەستم نەیدەگەیشتێ؟ بۆ هەر لایەک هەڵدەهاتم بە تاڵاییبوو. دەتکوت لە نێوان زەوی و عاسماندا قەتیس ماوم. یانیدیوەکەم هێند فراوان بوو؟ هەروا کە هەڵ دەهاتم لە ناکاو بەحوججەت سەرم بە شتێکی رەِدا کەوت. بیرەوەرییەکانمتاسان و زرینگانەوە. مانگ هێدی هێدی تلیساوە. مێشکم بەکونەلوتمدا شۆلاوگەی بەست و دنیا کەوتە قرخەقرخ و رەنگیهەڵبزرکا....

* * *

به دوای یەکدا ڕێچکەیان بەستووە. دەنگی کرم و هۆڕیزاریـان دەبیســتم. لە بەری پێمڕا ریزیان لێ گرتووە. لە سەرە خۆهەڵ دەکشـێن. لـە چـۆکم تێدەپەڕن و دەگەنە سەر سنگم. بەسەرسورمانەوە لێیـان خـوردەبمـەوە. وردن، ڕەش ڕەش. بەکەڵپە بچوکەکانیان گۆشتی جەستەم بـە شـێنەیـی دەقرنجێنن ودەیپچڕن. لـە سـەر دەفـەی سـینگم دوو بـەش بـە گوێمـدا دووبەش‌بە لووتمدا دەچنە ژووریَ. هەست دەکـەم دەرووتم وکاسـەسـەرم وەک لیوانە ئاوێکی تووتییەک بە سەریەوەنێ جارلـە گـەڵ جـار خاڵـی‌تـر دەبـێ. پـاش مـاوەیـەک دێنـە دەرێ و لـە سـەرسـینگم، نـا لـە سـەر پەراسووەکانم تێک دەترنجێن و دەبنەوەریزێک و خۆ بە درزێکـی نادیـاردا دەکەن. دەست بە لەشم دا دێنم.تـەنیـا ئێسـک و پرووسـکەکـانم مـاون. دڵیشم.... دەری دێنم. لایەکی‌قرنجاوە. فڕێی دەدەمەڕکـەی سـنگمەوە و رادەچەنم. لوتم لەشتێکی ڕەِ دەدرێ. تەِ و هۆر بـە سـەرخۆمـدا هـەرەس دێنم وچوارپارچەی لەشم لە بەر یـەک هـەڵـدەوەشـێ. کوتێـک گۆشـت لەچاوم دەردەپەڕێ. دەست بـۆ ئێسـقانەکـانم دەگێـرم. نـازانم کـوێمهـی کوێیە؟! لاقم لە جێی دەستم هەڵ دەواسم. دەستم بەسـنگمەوە لـە خـاچ دەدەم. سەرم لێ بۆتە بار و نازانم چی‌لێ بکەم.فڕێی دەدەمە سـووچێک و لەوێڕا لە قەڵافەتی خۆم دەڕوانم وقاقا پێدەکەنم....

* * *

له گەڵ یە کەم هەناسەکانی رۆژ، کچان لە لێواری بیرەکەبڵاوەیان کرد. لە نیوەشەورا ئاوی چۆکیان داهاتبوو. بەڵام کچیحاکم نەهاتبووە سەرێ. هەرچەن هەرایان کردبوو چ جوابێکیاننەبیستبوو. هەواڵ وەک پەتا بڵاو ببۆوە. جەماوەر بە دەوریبیرەکەدا پوورەیان دابوو.

ـ «قوربان ئەو خوارە هەزار بە هەزارێکە کەس سەرەندەریلێ ناکا».

ـ «قوربان دەنگی گۆرانی لە تەواوی رەهەندەکاندادەزرینگێتەوە، پیاو دڵی برواناداا بێتەوە سەرێ».

بیرەکەیان پڕ کردبۆوە و بەرەو شار ببوونەوە.

* * *

شێتانە دەمنەڕاند: «وەرن ئاخر تنۆکی ئەم ژارە بە سەرروحی تینوومدا بتکێنن».

نەعرەتەم لە کاسەسەرمدا دەنگی دەداوە.

دەنگی دەداوە و نەمدەزانی دەنگی چییە. داچڵەکیم وئێسقانەکانم هرووژمیان هێنابۆ سەرم. سەرم هەڵدا و بەسەرزەویدا قلّپ بوومەوە، رووم لە کوێ کردبا. بە دەوریخۆمدا هەڵسووڕام. دنیا گێژی خوارد و بە پشتدا کەوتم.هەرچەن چاوم گێڕا ئاسمانم بۆ نەبینـدراوە. روانیمە ژێر پێم وەدەستم کرد بە گریان.

دەنگی گریان دەهات و سەرم لێ شێوابوو. هەودایەکقژەسەر با دەیشەکاندەوە. دەتکوت کەسێک لە جێیەکی‌نادیارەوە بە دەم بایەوەداوە. هەودا کەم گرت و وەڕێکەوتمەوە. هەوداکە جار لە گەڵ جار ئەستوورتر دەبوو. بوو بەپەلکە، پەلکەیەکی قەترانی. لە جێی خۆم قەتیس مام. هەوداکەکۆتایی هاتبوو. وەرسووڕام. پەلکەکە هێڵێکی راست بوو،بێسەرەتا و کۆتاییەکەی «من» بووم، هەستێکی ژاراوی دڵی‌ڕێک دەکوشیم.

«من لە کوێی ئەم...» قسەکەم لە زەینمدا بۆ ساغ نەبۆوە. وەکئەوەی لە سەر توێژێک سەهۆڵ راوەستا بم ژێر پێم قرمەی کردو تێکەوتم. لە گەڵ چەرخ و خول لە بەتاڵاییەکی رەش و سامناکداکەوتمە سەر کۆگایەک شتی خڕ و رۆچوومە خوارێ.

وەک شێتان کەوتمە پەلەپرووسکە و پەلەقاژە. هاتمەوەسەرێ و سەرم هەڵدا. بە ترسەوە چاوم هەڵێنا. هەزاران چاو کەهەریەکەی تەوسێک لە نێویان‌دا دەشنایەوە لێم بز ببوونەوە وتێیان دەڕوانیم. هاتەوە بیرم... بەڵام کامیان هی من بوو. لە نێوئەو هەموو چاوەدا چووزانی چاوی خۆت کامەیە؟ دەنگی‌گۆرانی دەهات:

«چاوەکانت جوانترین شێعری دونیایە
رووباری عەشقی پیرۆزە و ماسی ئومێدی تێدایە»

به پەلە چاوەکانم ئەم بار و ئەوبار دەکرد. بێئەوەی بزانم‌بۆچاوێکی بەڵەکـم هەڵگرت و وەڕێ کەوتمەوە.

* * *

جنچکێک گۆشتی بە شیشەیەکەوە کردبوو. خۆڵەمێشـێکی‌بێگیـانی وەرد دەدا. دوو جووت چاوی بەڵەکی لە باخـەڵـی‌دەرهێنـا و دەسـتی کـرد بـە بازەڵین. کانیاوێک بە بەرەپێی‌داتێـدەپـەڕی. لـە دووره دەسـت رادەنگـی گۆرانی دەهات و شیو ودۆڵەکان بۆیان دەساندەوە.

* * * ١٣٧٨/١١/١٢ ـ سڵامەت

«باران....باران...».

ئەم وشەیە بوو، کزەی لـە جـەرگتـان هـەڵـدەسـتاند وبـەبۆکـڕووزەوە لـە گەرووتان دەهاتە دەرێ. بەندبەبەندیجوستەتان هـاواری دەکـرد: «بـاران تەنیا چر...کە...یەک...باران».لە سەرەتای چاو ڕوانیتان دەگەڕان. شایەد ئەو عەیامە بوو، کەئاخر باران بەسەر ـ لەشی خوێناوی هەنـار و نـەقاشـیی شاردا،داباری. هەمو رۆژێ بەرامبەر بە پەیکەری بەردیـنی ئـەوانچۆکتـان دادەدا و دەپاڕانەوە. بەڵـام کـوا فرمێسـک دەروەسـتیوشـکارۆی گوناحـە کانتان دەهات. ئەگین سەدان ساڵیش باراندایکردبا، رەشـایی دڵـتانی بـۆ

نەدەشۆراوە. دەهاتەوە بیرتان کەچۆن وەختایەک، نـەقـاش تابلـۆکانی لـە چواررێیانەی شارداهەڵواسی، قۆڵبەستتان کـرد و بـە نـەقاشـییەکانییـەوە بردتانــە لایحــاکم. ئــەویــش دوای ئــەوەی چــاوی بــە هــەمووییــان داخشــاندنەڕانــدی: «ســەنگــەســار...» ئێــوەش ســەدان گوڵــی رەش لەدەرونتاندا پشکوت و نەراندتان: «سەنگەسار». نەفەرێک، تەنیانەفەرێک لە ئێوە، گومان نەکەوتە دڵی و لە خۆی نەپرسی: «لەسەر چی»؟ نابـێ لـە بیرتان چووبێ ئەو وەختەی قوڵکەکانتان لەجارە گەنمەکەدا هـەڵـکەنـد و هەتا پشتوێنە لە خۆڵتان گرتن.

بە تابلۆکانی خۆی جەغزێکتان بە دەوریاندا کێشاوە.چاوتان لـە تابلـۆکان دەکرد و هەوەسێکی شەیتانی تەنگیپێهەڵچنیبوون.

ـ «نابێ بەردەکان یەکجار گەورە بن»!!

حاکم بوو قسەی بۆ دەکردن. هیچتان بەو قسانەی ئەوسەرتان سووڕ نەما. چەڵەمەی بێقەراری لە ملتان هاڵابوو.وەختایەک حاکم یەکەم بـەردی بـە سەریاندادا، کۆتێکیئەهریمەنی لە ئەسـتۆتان داماڵـدرا و بـوون بـە بـارانی بەرد.

ئەی رووڕەشانە، باسی بەزەییـی دەکـەن؟ ئـەی بـۆ ئـەووەختـەی لـەشـی «ئەوان» لە ژێر ڕێژنەی بەردەکانتاندا هەلاهەلادەبوو؛ رەحم و بەزەییتان لە بیر نەمابوو. تـەنانـەت وەختایـەک،نـەقاشــی نێـو تابلـۆکان دەیاننالـاند و

ڕوومەتی خۆیان شێودەبڕی، هیچکامتان دڵی دانەچڵەکا. تەنیا بە ئێشتیایەکی ئاگرینەوە لە وێنەکان رامان و بە رقێکی زۆرترەوە بەردەکانتان بە سەریاندا دادا هەرکیان ئاویلکەیان دەدا. لە پڕ هەور دەستیان کرد بە گرماندن. لە گەڵ یەکەم برووسکە، تەواوی نەقاشییەکان لە تابلۆکانیان هاتنە دەرێ. دەستتان بە بەردەکانەوە ویشک هەڵات و سەنگەرسارتان لە بیر چۆوە. بۆتان نەدەبژێردران.سەد، دوسەد...

هەزار... نەتاندەزانی چەن نەفەرن. هەموو کچ. بوخچەی نەکراوە. رووت و قووت وەک پەیکەرەیەکی بەفرین. ئەوان دەگریان و ئێوە لە نێو هەوەسێکی ئەهریمەنیدا پەلەقاژەتان دەکرد. وەختایەک حاکم بوو بە مارێکی بریندار و لە ئەندامی سەهۆڵینی یەکیان هاڵا، قورساییەک لە سەر دڵتان لاچوو.چاوتان لە یەک بڕی، لە دڵدا بە یەکترتان دەکوت: «ئەو جارنۆبەی ئێمەیە...».

ببوونە ئاگری هەوەس. نەقاش و هەنار لە شەرمان هێورهێور ڕەِ هەڵدەهاتن و دەبوون بە بەرد. ئێوە ببوونە گورگی برسی و هەر یەکەی پەلاماری کچێکتان دەدا و....

هەر ئەو وەخت بوو ئاسمان بۆ چارەنووسی نەقاش و هەنارلە قوڵپەی گریانیدا. باران بە غوڕڕەم دادەباری. کچەکان ئارامئارام لە باوەشتاندا

یەکیـان دەگرتـەوە. هـەر کچـەی دەبـووەدڵـۆپێک تفـی ڕەش و بـە نێـو چاوانتانەوە دەنووسا. هەمووتاسابوون. چاوتان بڕیبووە پێکەنینی شـێتانەی حاکم.

ـ «هەموو رووتان ڕەش بووە زۆڵە سەگانە...».

نەفەرێک تەنیا نەفەرێک لە ئێوە نەیـوێرا بڵـێ: «رووی خۆشـتڕەش بـووە جەنابی حاکم».

باران هەروا دادەباری. ترس رە دڵتان نیشتبوو. هەرچەنلـەپـی دەسـتتان پێدا دێنا کەڵکی نەبوو. ئەم داغە رەشەتان بۆلێنەدەبۆوە. هەنیەتان لە قـوڕ و لیتەی عەرزی هەڵدەسوو،کەچی ئەو تفە رەشە هەر لە جێی خۆی بوو.

وەختایەک باران لێی کردەوە و گەرما جارِزی کردن، نـەقـاشو هـەنارتـان هاتەوە بیر. چوونە سەریـان. چاوتـان بـە مۆلـەوێسـتا. ببوونـە بـەرد. دوو پەیکەرەی مەرمەڕینی سپی! حاکملێیان چووە پێشێ. تێیـان رامـا. پێـی وابوو نێو چاوانی ئەوانیشئەم داغە رەشەی پێوەیە. هیچی بۆ نـەبینـدراوە. هـەرچـی ڕِ وتـووڕەیـی بـوو لـە تفێکـدا کـۆی کـردەوە و لـە روخسـاری نەقاشیهەڵکرد. بـەڵـام تفـەکـە گـەڕاوە و روخسـاری حـاکمی سـواغدا. بەتووڕەییەوە تفەکەی نێوچاوانی سـڕی و بـە سـەر پـەیکـەرەینـەقاشـدا نەڕاندی:

ـ «سەگباب، ئەوە گووی تۆیە ئێمە دەیشۆینەوە».

هەمووتان ببوونە ئەو منداڵەی خۆی پیس کردووە و نازانێچ بکا. لـە جێـی خۆتان ویشک هەڵاتبوون. گەرما جار لە گـەڵ جـارپتری جـارز دەکـردن. ترسێکی بێهۆ دڵی ڕێک دەکوشین.رووتان نەبوو چاو لێک کەن. تەنانـەت نەتاندەوێرا بڕواننەپەیکەرەی نەقاش و هەنار. بە شەرمـەزارییـەوە، کلکتـان لەگەڵۆزتان گرت و بەرەو شار بوونەوە. هەر ئەو وەخـت بووهـەسـتتان بـە چارەنووسی گڵاو و رەشی خۆتان کرد. ئـاوی‌شـێرەکـان ویشـکی کردبـوو. توونیەتی و گەرما ئۆقرەی‌لێهەڵگرتبوون.

شێرە لە جیاتی ئاو، دەنگی پێکەنینی لێوە دەهات. پێکەنینێکـی‌رەش کـە تەزووی بە لەشتاندا دێنا. هاناتان بردە ئـەو کانیـاوەی‌سـەرەوەی شـار کـە ساڵەها بوو لە بیرتان کردبوو.

کوێر ببۆوە. لە چاوانەکەی‌ڕا دەنگـی گریـانی هـەنارتـان‌دەبیسـت و زامـی دڵتان دەبرژایەوە. بە سەرشۆڕی گەڕانەوە. لەچوارڕییانەی شاردا چاوتان بە حاکم کەوت. کووپەیەک‌شەڕابی ئاڵی بە دەستەوە بوو. سەرخۆش، ئـەوەی دەیکـوتنـەیـدەکوتـەوە. دەسـتی بـۆ راداشـتن و کـوتی: «توونیتانـە؟ ئاوتان‌دەوێ؟ وەرن جارێ لێوێ تەڕکەن...» دەسـتتان دەگرتـەوە ومسـتە شەڕابەکەتان هەڵدەداشت. کەللەتان گەرم داهاتبوو. بەحاڵەحـاڵ قسـەی حاکمتان بۆ چۆوە سەریەک کە دەینەڕاند: «پاڵـوێک دەن، دەسـت بگـرن قورمساغانە، دەپاڕێنەوە».

نەفەرێک تەنیا نەفەرێک لە ئێوە نەیکوت: «جەنابی حاکم، بەلەشی پیس و بە مەستی چۆن پێش‌نوێژی ئێمە دەکەی»؟

حاکم لە چەقی چوارڕێیانەکەدا نوێژی دابەست. ئێوەش لەچوارلاوە رووتان تێکرد. هەموو شوێنی قیبلەتان لەبیرچووبۆوە. لە نیـوەی نـوێژەکـەدا بـوو هاتەوە بیرتان کە دەمێکەرۆژە و... شەو بۆ دانایە؟

توونیەتیتان لە بیرچووبۆوە و خەیاڵی شەو حەجمینی‌لێهـەڵـگرتبوون. لـە پەستا دەپاڕانەوە:

ـ «شەو... تەنیا چر... کە... یەک.... شەو».

دڵی رەش داگیرساوتان لە گەڵ رووناکایی لێک نەدەکاڵاوە.بیرتان بۆ ئـەوە دەچوو ئەگەر ئەو داغە رەشانەی نێو چاوانتان‌لە سەر یەک دانێن، دەتـوانن هەتاوی پێسواغ دەن. ئـەی‌رووڕەشـانە ئـەگـین سـەدان ساڵـیش رۆژئـاوا نەبوایە، بە قەدرای‌کونی دەرزییەک نەیدەتوانی شەوەزەنگی دڵتان بپێکـێ وزەفەری پێبـەرێ. وەختایـەک لـە گـەڵ حـاکم دەسـتان بـەرەوئاسمـان راداشت، چاوتان بەو گەواڵە هەورە سوورانە کەوت کـەتێـکدەگـلان و بـە سمرسمرِ بەرەو ئێوە دەهـاتن. دەتکـوتشووشـەیـەکـی سـوورن و وەبـەر رۆژگیراون. بـۆ مـاوەیـەکولـاتیان سـوور هـەڵـگێرا. دوایـەش لێیـان‌دا و رۆیشتن...

له گەڵ دوور کەتنەوەی هەورەکان ئێوەش وەک ئـەوەی بـەچـەقـۆ قـاش قاشتان کەن، بوونە چوار قاش و بڵاوەتان کرد.چـاوەڕوانی لـە دەروونتانـدا مەییبوو.

هەنگاو بە هەنگاو پێتان وابوو شتی تازە روودەدا کە لەیەکتـان دەڕوانی بـە چاو دەتانکوت: «منیش وام لێهاتووە»؟

لە راستیدا هەموو واتان لێهاتبوو. خاڵی نێـو چاوانتـان لـەپـەسـتا پـەرەی دەسەند و گەورە دەبۆوە. بیرتان لە ئیسکانەئاوێک دەکردەوە کە قلّپ بۆتـە سەر دەسرەیەکی سپی وبەرەبەرە تـەواوی دەسـرەکـە دەتـەنـێ. ئێـوەش روخسارتان بەتامەزرۆییەکی سەیرەوە نمەنمە رەشاییەکەی هەڵـدەمـژی. کار وپیشەتان ئەوە بوو بەرامبەر بە ئاوێنەیەک راوەستن و لە خۆتانبڕوانن. نەفەرێک لە نێو ئاوێنەکەڕا هەتا هێزی تێدا بوو تفێکی لەرووتان دەکرد. لە داخان ئاوێنەکانتـان بـە عـەرزدا دەدا. سـەدانرووی رەش لـە نێـو ورکـە ئاوێنەکانەوە لە ئێوەیان دەڕوانی وهەریەکەی بزەیەکی تەوسـاوی لـە سـەر لێو بوو...

دوو مانگی رەبەِ بوو، رۆژ وەک میر لە چەقی ئاسمـانچـەقیبـوو. چرکـەی نەدەکرد. بڕواتان نەدەکرد دوو مانگە رۆژە وشـەو دانـەهـاتووە. دار و بـەرد زەرد هەڵگەڕابوو و تەمی مەرگی لەسەر نیشـتبوو. ئێـوەش لـە توونییـان، زمانتـان بـە لالـەغـاوەتانداشـۆڕ ببـۆوە. وەختایـەک ئـاخر قـومی کووپـە

شــەڕابــەکــەی‌حاکمتــان خــواردەوە، لــە چــوار لاوە رووتــان تێکــرد و نوێژتان‌دابەست. ئێستا حاکم سڵاوی نەدابۆوە، گەواڵە هــەورێکــی رەش‌بــە سەر شینایی ئاسماندا پژا. هەڵڵا و هەنگامە لە دەرونتاندا ســازبوو. چاوتــان لە پاشکۆی هەورەکان دەکرد و بە یەکترتان‌دەکوت: «هێندە دەبارێ دار و بەرد توونیەتی دەشکێ».

حاکم حەجمینی لێهەڵگیرابوو. یەک بە خۆی دەینــەڕانــد:«خۆتــان رووت کەنەوە بیژووە سەگانە، ئەلعان باران دایدەکا.خۆی وەبەر دەن».

وەختایەک حاکم لیباسەکانی داماڵی دیتان باتووی بە قــەدهێلکــە قازێــک دەبێ، هەموو لەوەی کە، وەختی سەنگەساری‌نەقاش و هەنار پەیتــان بــەم رازە نەبردووە سەرتان سووڕمابوو!ئەو دەمەی ئێــوە خۆتــان رووت کــردەوە، دیتان کە تەواوی ئازای‌ئەندامتان توێ توێ بووە.

هەورەکە لە پەستا بەرەو ئێوە دەکشا و شایی لە دڵتان‌گــەڕابــوو. لــە گــەڵ گرمەی هەورەکان لە خۆشیان دەستتان کرد بەگریان.

ـ «دەم و چاوتانی وەبەردن بنە زۆڵانە، بەشکم باران سپی‌کاتەوە».

هەورەکان پاڵــیان رێــک دەدا و ئاسمــان ژان دایگرتبــوو.دەتکــوت ژنێکــی دووگیانە و بە منداڵەوەیە. بە دەم ئازارەوەدەتلایەوە. هەرچەن هێزی وەبەر خۆی دێنا لێنەدەبۆوە. هەوروەها بەری رۆژیان تەنیبوو، قامکتان لە چــاوی یەک رۆکردبانەتاندەزانی. لە چرکەیەکدا ئاسمــان دابێژدابێــژ بــوو. دابــاری

وئێوه سوکناییتان نەدەهات. بە خوڕدادەباری. چاوتانلەسەریەک دانـابوو و لەو تاریکەسەلاتەدا بە تامەزرۆییەوەیەکترتان لە باوەش گرتبـوو لـە قـوڕ و لیتەی زەویدا دەتلانەوە وشێتانە هاوارتان دەکرد: «باران... باران...».

دوایی بوو بە یەکترتان دەکوت: «ئەگەر پێش لە دابەستنیﻧوێژەکەمان لەو شەڕابەی حاکممان نەخواردباوە زووترمان بەهەموو شت دەزانی».

بەڵام ئێوه هەتا ئاخر پەڵە هەور لە رووی رۆژ نەتارا بەهیچتان نـەزانی. بـە جارێک حەبەسابوون. بە چەپۆک بە سەریخۆتاندا دەدا و دار و بەردتان بە نەحلەت دەکرد.

ـ «گریانی هەنارە...».

ـ «نانا بارانی گوناحەکانمانە...».

ـ «ئاهی نەقاشییەکانی، نەقاشە».

حاکم بەم قسەیە ئاوری تێبەربـوو و نـەڕانـدی: «ئـەرێ ئـەوەگـووی ئـەو سەگبابەیە ئێمە دەیشۆینەوە». قەت شتی واتاننـەدیبـوو. ئێسـتاش هـەر پێتان وایە خەونە. ئەوەی داباریبووباران نەبـوو. رەنگێکـی قـەتـرانی رەش بوو. تەواوی وڵات ببووەخەڵووزی رەش. دەتکوت نەقاشێک بـە توورپییـەوە تەواویدنیای بە رەنگێکی رەش سواغ داوە.

حاکم لە بەرزاییەکڕا دەینەڕاند: «داخوا پەیکەرەی ئـەو رەجـمکراوانـەش بوونە خەڵووز...». دیسان چاوەڕوانی کردنیەدەنکێـک گـێلاس و لـە ژێـر

پێی‌دا هەڵیفلیقاندن. نەتاندەزانی چهەستێکە هانتان دەدا بچنە جارە گەنمەکە و چاو لە پەیکەرەی‌نەقاش و هەنار کەن.

بڵێی بۆ ئەوە نەوبوو بێ راستی و چەوتی قسەی حاکمتان‌لێروون بێتەوە؟ ئەوە تەنیا هۆیەک بوو. بەڵام دەتانزانی وزەیەکی نادیارکردوونیە بابردەڵە و بەرەو جارەگەنم راتاندەماڵێ. دنیا ببووەزەلکاوێکی رەش. هەتا قولاپەتان لە رەشایی زەویدا رۆدەچوو.وەختایەک گەیشتنە حاندی پەیکەرەکان لەوانە بوو چاوتان‌بچنە پشتە سەرتان. دوو دڵۆپی سپی بوون لە تابڵۆی رەشی‌جارە گەنمەکەدا.

ـ «قور و لیتەیان تێهەڵسوون لەو سەگبابانە».

نەفەرێک، تەنیا نەفەرێک لە ئێوە نەهات بە دڵیدا، بڵێ: «جەنابی‌حاکم بەری رۆژ کوا بە بێژنگ دەگیرێ».

وەختایەک لێیان نزیک بوونەوە چاوتان بە دیمەنێکی سەیرکەوت لە چاوە بەردینەکانی نەقاشدا جووتێ کۆتری سپی‌هێلانەیان چێ کردبوو. لە گەڵ ئەوەی بە توورەییەوە چنگە قورەرەشەکەتان لە پەیکەرەکان هەڵکرد، کۆترەکانیش لە شەقەی‌باڵیان‌دا و رۆیشتن...

لە نەکاو هەستتان کرد دەبێ بەرەو شار بگەرێنەوە. ترس لەدڵتاندا نیشتەجێ ببوو. غەیری حاکم، هەموو وەک برووسکە بەبیرتاندا هات

پەشیمانن. بە پەلە هەنگاوتان هەڵدێناوە. کەسێک لەناختاندا هاواری دەکرد: «موسیبەتێکی گەورە بە سەر دادێ».

ـ «هەر قورمساغێک ئاور داتەوە وەک ئەو دوو مەلعوونەدەبێتە بەرد».

هەستتان دەکرد بێت و ئاور نەدەنەوە شێت دەبن. لە گەڵئەوەی سەرتان وەردەسووڕاند لە جێی خۆتان قەتیس دەمان ودەبوون بە بەرد. لە جاڕەگەنمەکەڕا هەتا کانییەکەی قەراغ شارهێڵێکی بەردین لە ئێوە ساز ببوو.

بە تەواوی وجودەوە هەستتان بە ژانی نەقاش و هەنار وقەتیس‌مان دەکرد. نەتانزانی چ وەخت بوو، کۆترە سپییەکانیەکی دەندووکێک ئاویان بە گەرووتاندا کرد. ژەقنەمووتێکیتاڵ. وەک ئەوەی لە خەوێکی دوور و درێژ دابچڵەکێن، ئارام‌ئارام چاوتان پشکووت. بە زەینتاندا هات بڵێی ئەو وەختەی بۆیەکەم جار چاوتان بە دنیا کرایەوە هەر ئەم هەستەتان‌سەبارەت بە رووناکی بووبێ؟ نەتاندەزانی. بە پەلە چاوێکتان لەسەعاتەکەتان کرد و رووەو شار دەستتان کرد بە هەڵاتن. هەرهەڵدەهاتن و نەدەگەیشتنێ. ترس و دڵەخورپە خزایەجەستەتان. شار ببووە بیرەوەرییەک و با لە گەڵ خۆیبردبووی. ئاخر قسەی حاکمتان هاتەوە بیر.

ـ «بنە زۆڵانە بڕۆن، ئێوەش وەک ئەو دوو کافربابە بەنەحلەت بن، هەتا دنیا بە دنیایە، دەبێ بە دەم ئەم ژانەوەبناڵێنن...».

دەهاتەوە بیرتان کە چۆن بە رقەوە تفی لێکردبـوون ورۆیشــتبوو. تفـەکـە نەگەڕابۆوە و نێوچاوانتانی خووساندبوو.

ـ «بڵێی شار چی لێهاتبێ»؟

چاوتان هەڵدەگلۆفی و پێتان وابوو خەونتان دیـوە. گـەرماکـەللەی گـەرم داهێنابوون. لاتان وابوو لە مێون و لە گەڵ هەرهەنگـاوێکی هـەڵـیدێننەوە بەرەبەرە دەتوێنەوە. ئەو دەشتەی‌پێیـدا دەڕوێشــتن لـە جـاڕە گـەنمێکـی سووتاو دەچوو کە هێشتاتینی ئاورەکەی تێدا ماوە. لاقتان لە هەر کوێیەک دادەنا چزە لەبەری پێتان هەڵـدەسـتا. ئـەم دنیـا رەشـە لـە چـارەنووسـی گڵـاوتان‌دەچـوو. بـە دڵ ئاواتــەخــوازی رەنگێکــی دی بــوون. ســپی... سوور...سەوز...

تەواوی رەنگەکان لە زەینتاندا کەوتبوونـە سـەمـا. توونییـەتی‌هـەراسـانی کردبوون. چاوتان بە دەریایەک کەوت کەشەپۆلەکانی تێـکدەگـلان و بـە هێمنی خۆیان بە باوەشی یەکدادەکرد. هەستێکی شـیرین رایماڵـین. بـە هەڵەداوان خۆتان خستەئامێزی شەپۆلەکان. زارتـان پـڕ بـوو لـە خـۆڵ... تراویلکە... هێزی‌تف کردنەوەتان نەبوو. هێناتان و بردتـان. چاوتـان لێـک کرد وخۆڵەکەتان قووتدا. شێتانە چنگتان لە خۆڵەکە دادەگرت ودەتانکردە زارتانەوە. زگتان لێکڕەویبۆوە و تێر بوونتان نەبوو.لـە نـەکـاو چاوتـان بـە پیاوێکی پیر کەوت. بەدەوریدا ئاپۆرەتان‌بەست. سەر و ردێنی ببووە چۆڕی

شیر و له عەرزی دەخشا.برۆکانی دەتکوت کەپرە سێبەری خستۆتە سەر چاوی. پێستیروخساری له منداڵێکی ساوا دەچوو کە تازە لە دایک بووە،تورت و شلک. دەمتان ببووە تاقی چرا و چاوتان بڕیبووەدەستی پیرەپیاو. بە شێنەیی رەندەی دارتاشینی بە دارەکەیبەردەستیدا دێنا. نەتاندەزانی چی ساز دەکا. کە ئاخر بزماریداکوتا، سەرەڕای تەواوی هەناسەساردییەکانتان، بە شێتیکابرا پیرە پێکەنین. کەوتنەوە بیری شارەکەتان.وەڕێکەوتنەوە. بەڵام بۆ کوێ؟ نەتاندەزانی روو لە کوێ کەن.تووشی کێوێکی بڵیند هاتن. برستتان لێبڕابوو. توانای هەنگاوهەڵێنانەوەتان نەبوو.

ـ «ئای حەرامزادانە، دەمزانی بێ من هەڵناکەن، وەرن بناغەیشاری تازەمان لێرە دادەمەزرێنین».

تاوتین گەڕایە دەمارەکانتانەوە. ئەژنۆتان هێزی وەبەرهات.چاوتان لەیەک دەکرد و دەتانکوت: «لەو هەڵوەداییە خەڵاسیمانهات». ئێوە هەڵدەهاتن و ئەو لە سەرێڕا قاقا پێدەکەنی. پێکەنینلە شیو و دۆڵەکاندا دەنگی دەداوە و دەبوو بە سندان و لەو هەزاربە هەزارەوە بە کەڕاکەی سەرتاندا دەکەوت. ئارەقەیەکی رەش ئازای ئەندامتانی خووساندبوو. کەگەیشتنە حاندی، دیار بوو لە ئەمەکناسیتان رازییە. دەم بەبزەوە کوتی: «دەمزانی ئێرە

دەبیننەوە، ئێوە بێ من هەڵناکەن،وەرن بزانن چم دیوەتــەوە، وەرن شــەرم مەکەن».

هەموو بە مێشکتاندا تێپەڕی: «حاکم ئێمەی بەخشیوە».

بێقەراری دڵی ڕێک دەکوشین. نەتاندەزانی چتان پێشان دەدا.گـەیشــتنە حاندی ئەشکەوتێک. ئێـوە راوەســتان و حــاکم چــووەژووریێ. چــاوەڕوانی ڕۆحی دەرزی ئاژن دەکردن. لە نەکاودەنگی گریانی عــافرەتێــک مــەودای چاوەڕوانیتانی پساند.

ـ «لە تابلۆکانی نەقاشە، خۆی شاردبۆوە».

بە چارشێوێکی سپی خــۆی داپۆشــیبوو. لــە شــەرمـان،روخســاری ببــووە دەندووکی کەو.

بۆ جارێکی دی دڵتان بە دیداری تەواوی ڕەنگەکان شاد بــۆوە.شــاگەشــکە ببوون. لەو دەمەدا بوو بۆ یەکەم جار چاوتان بەددانی یەک کەوت، ببوونــە قیلی ڕەش.

حاکم هەڕڕای کردە عافرەتەکە و چارشێوەکەی لە ســەرداماڵــی. عــەیــبی خۆی بۆ نەدەشاردراوە. لە شەرمان بوو بەشووشە و بە سەر خۆیدا هەرەسی هێنا. چاوتان لە سینگەبەفرینەکەی بــڕیبوو کــە لــە جیــاتی مــەمــک دوو کۆتری سپیهێلانەیان تێدا چێکردبوو. لە گەڵ ئەوەی ئەندامی هــەپــروون بەهەپروون دەبوو، کۆترەکانیش لە شەقەی باڵیان دا و فڕین.

حاکم چارشێوەکەی رادەوەشاند و دەینەڕاند:

«دار بێنن، بووکە بارانە ساز دەکەین ماڕزبابانە».

هاتەوە بیرتان پیاوێکی پیر لە دەشتایی خوارێ داری لە لایە.تێکڕا داپەڕینە خوارێ. کە گەیشتنە لای خەریک بوو بە رەنگێکیسپی ئەوەیوا سازی کردبوو، رەنگی دەکرد.

حاکم دوو داری راست و چەپ بە بزمار لێک قایم کرد وچارشێوەکەی لە سەر دارەکە لە خاچدا. لە گەڵ هەر بزمارێکیکە لە چارشێوەکەی رۆ دەکرد پیرەپیاو لە خۆ دەنەوی ودەیناڵاند. دەتکوت بزمارەکان لە لەشی ئەو رۆدەچن. هەموو بەچاوێکی رەزامەند لە بووکە بارانەکەتان روانی.

ـ «رەنگی کراسەکەی دەبێ سوور بێ...».

حاکم ئەم رستەیەی لە چاوی دانەدانەتاندا دەخوێندەوە.

هەموو دەستتان بە چەقۆ شەقار شەقار کردبوو بەڵام لەجیاتی خوێن زەلکاوێکی رەشی لێدەتکا. حاکم شێتانەدەتریقاوە و پێتان پێدەکەنی. نەفەرێک، تەنیا نەفەرێک لە ئێوەنەیکوت: «جەنابی حاکم نافەرموون خوێنی خۆتان چ رەنگە؟»

دەهاتەوە بیرتان کە چۆن حاکم هەڕای کردە پیاوەپیرەکە وهەتا هێزی تێدابوو تەشوێیەکی لە تەختی نێوچاوانیدا.خوێنێکی ئاڵ بازرەقەی

بەست. داری بووکەبارانەکەتان‌وەبەرگرت. چارشێوە سپییەکـە بـە تاسـەوە سوورایی‌خوێنەکەی هەڵدەمژی. وەڕێ کەوتن و یەکبین دەتاننەڕاند:

بووکە بارانە ئاوی دەوێدەرزی گەورە کچانی دەوێ

هێلکەی بارۆکانی دەوێئاوی نێو گەنمانی دەوێ

لە پڕ کەوتن بە سەر پەیکەرەی هەنار و نەقاش‌دا لە نێو جارەگەنمەکەدا.

ئاوی نێو گەنمانی دەوێئاوی نێو دەغڵانی دەوێ

بەرامبەر بە پەیکەرەی هەنار چۆکتـان دادا دەسـتتان کـرد بـەگریـان. لـە پەستا دەتاننەڕاند:

دەرزی گەورە کچانی دەوێدەرزی گەورە کچانی دەوێ

فرمێسک لە چاوە بەردینەکانی نەقاش بـە هۆمـەن دادەبـاری.چـاوەکـانی هەنار لە جیاتی فرمێسک دەرزیلەی لێدەهاتەخواری. هەڵـتاندەگرتنـەوە و لە چارشێوەکەتـان دەدان. لـەچاوترووکاندنێکـدا ئاسمـان هـەنـاوی رەش هەڵگەڕا و تەم ومژێکی خەست وڵاتی داگرت.

دەتانناڵاند:

ئاوی دەوێ، ئاوی دەوێئاوی نێو گەنمانی دەوێ

باران نمەنمە دادەباری و ئێوە خەمی دڵـتان دەشـۆراوە. بـەدەم گریانـەوە باوەشتان بە باراندا دەکرد. لە یەکترتان دەپرسی:«روخساری منیش سـپی بۆتەوە...؟»

باران دەباری و هەموو شتێ هاتبۆوە سەر دۆخی خۆی.
لە نەکاو چاوتان بە مۆلەق وێستا. تەواوی نەقاشییەکانڕەنگەکانیـان پاڵـی ڕێک دەدا و ئارامئارام ئەنـدامیان دەچـۆوەسـەر یـەک و دەگـووران. هـەر کچەی تاجێکی گەزیزەی بەسەرەوە بوو. بە تامەزرۆییەوە لە ئەندامی سپی و سۆڵیانڕادەمان و ئاو بە لالەغاوتاندا دەهاتە خوارێ. دانەدانە دەچوونەنێـو تابلۆکانیان و ئۆقرەیان دەگرت.
ـ «لایان لێبگرن، مەهێڵن بڕۆنەوە ژوورێ...».
حاکم بوو لە سەر دوندی کێوەکەڕا لە ئێوە دەخوڕی.دوودڵی ببـووە ئـاور و هەڵیدەقرچاندن.
ـ «بیانهێنن بۆ ئێرە بناغەی شارە تازەکەمانیان لە سەردادەمەزرێنین...».
زەنجیرێک لە دڵتاندا پسا و هۆمەنتان بردنە سەر. هەریەکەیلە دانەیـەک ڕۆهاتن و رووتان لە دوندی کێوی کرد. بە ترسەوەئاوڕتان داوە. پەیکەرەی هەنار و نەقاش سەریان لە هەورەکاندەسوو. لە نەکاو هـەرەسـیان هێنـا و تێکتەپین. دوو کۆتر لە نێوهەرەسی پەیکەرەکانڕا لە شەقـەی باڵـیاندا. وەڕێ کەوتنەوە. لەداوێنی کێوەکە چاوتان بە گەمییەکی سپی کەوت. دوو کۆتر لەسەری هەڵکورمابوون. ئاسمـان ببـووە گریـانێکی بێئامـان و کوڵـو کۆی دانەدەمرکا. ئاو لە پەستا هەڵدەستا و زیادی دەکرد.زۆرتان نـەمـابوو بگەنە لووتکە...

وەختایەک لە سەر دوندی کێوەکە ئاوێتەی نەقاشییەکانبوون، بۆ ئاخر جار چاوتان بڕییە لۆتکەیەکی سپی کە دووکۆتری لە سەر هـەڵنیشـتبوو و بـە دەم شەپۆلەوە دەڕۆیشتەحەویقی عاسمان و دەهاتەوە خوارێ....

* * *

بەهاری ٧٨ ـ نۆبار

بۆ :

دایک و بابم و.... ڕەنجەکانیان.

این کتاب، در بردارنده‌ی هشت داستان به زبان کُردی است. نگارنده سعی در انعکاس مسائل اجتماعی،تاریخی و فرهنگی به زبانی هنری و در قالبی روایی‌دارد. داستانهای این کتاب گویی خود، تاریخند.سرگردانی فکری، انتظار، چند پارگی و تسلسل،جاده‌ی بی‌انتهای این روایتند. دلهره‌ی شخلّیتهای،تحلیل اسطوره‌ی مرگ و زندگی و اڤطراب‌جاودانگی زمان را می‌افرینند. نگارنده متردد است ازاینکه زمان زایش اراده‌ها است یا نه، اراده‌ها زمان رامی‌افرینند. همچنین رستاخیزی است بر علیه محیط‌و انچه سعی در تسخیر خویشتن وی داشته‌اند و او رااز خودشناسی پدیدارشناسانه منع کرده‌اند.

چهار چوب‌ها را می‌شکند و عالمی دیگر می‌افرینند، دیگر ۲+۲ ، چهار نمی‌شود مگرگاه‌گاهی. تخیل نان، مرگ را می‌افریند ـ کسی فشار محیط را بر نمی‌تابد و بدون تفکرمی‌گریزد ـ اوای شیطان امکان تخیل ارزوها را محو می‌نماید و مرگ را پیشکش می‌کند. ـعشق زندگی افرین جوابش مرگی افسانه‌ای است که باران خون سرخیش را می‌شوید ـ .

ایا حقیقت را در خویشتن خود می‌یابیم، تحملش اسان است؟ یا باید راِت خود راارزانیش کنیم ـ گاهی یک خواب باعیَ تولّد دیگر باره‌ی

*انسان می‌شود که در پی بدست‌اوردن اب خود را قطره‌ای جوشان می‌یابد*

*ـ .*

*یک ان رنگها دیگر تحمل ناظران را بر نمی‌تابند و بر انان می‌شورند و انها را در کام‌پلیدیشان فرو می‌نشانند.*